
# گڵکەند

Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات
ژمارە (٢٤)
دووشەممە ٢٠٢٥/٩/١٥

## ماسی هەولێری دەگاتە ئەمەریکا



بێرییەک لە گوندی شەوگێڕ لە سنووری کۆیە

وێنە: شلێر سەعید

# ژنانی جیهان لە هەولێر ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە

**هێمن ئەسکەندەر**




سەقامگیری و ئارامیی هەولێر، بەرپرسانی فیدراسیۆنی تۆپی پێی بچووککراوەی جیهانیی هان دا بۆ ئەوەی شەرەفی میوانداریکردنی جامی جیهانیی تۆپی پێی بچووککراوەی ئافرەتان بێنێتە پایتەختی هەرێمی کوردستان. ئەمەش جگە لە پەیامە وەرزشییەکە، ڕێگەیەکیش دەبێت بۆ ناردنی ئەو پەیامەی کە هەولێر بە ڕووی جیهاندا کراوەیە و ئامادەیە بۆ میوانداریکردنی بەرزترین کێبەرکێیەکانی جیهان. بڕیارە ئەم هەفتەیە، هەشت هەڵبژاردەی جیهان لە هەولێر، ڕکابەری لەسەر نازناوی جامی جیهانیی ئافرەتان بکەن.

سەردار ئیسماعیل بەڕێوەبەری گشتیی وەرزشی کوردستان، لەسەر گرینگیی میوانداریکردنی هەولێر بۆ ئەو پاڵەوانیەتییە بۆ (گڵکەند) گوتی لە ١٧ تا ٢٣ی ئەم مانگە، هەولێر میوانداریەتیی جامی جیهانیی تۆپی پێی بچووککراوەی ئافرەتان دەکات، یارییەکان لەسەر یاریگەی زانکۆی جیهان ئەنجام دەدرێن، ئامادەکارییەکانمان کردووە، دەبێتە دەسکەوتێکی گەورە و هەنگاوێکی مەزن".

هەڵبژاردەی کوردستانیش لە پاڵەوانیەتییەکەدا بەشدارە، کە فیدراسیۆنی تۆپی پێی بچووککراوەی جیهان سەرپەرشتیی دەکات، سەردار ئیسماعیل دەڵێت بەڕێوەچوونی ئەم جۆرە پاڵەوانیەتییانە لە ڕووی وەرزشەوە، دەبێتە هۆی پێشخستنی ئاستی وەرزش و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی بەشداربووی پاڵەوانیەتییەکە، هەنگاوێکی گرینگیشە بۆ هێنانی پاڵەوانیەتیی گەورەتر بۆ کوردستان، لە ڕووی ئابووری و کولتوورییشەوە گرینگییەکی زۆری بۆ هەولێر دەبێت، بەتایبەت ئەو ئارامی و ئاوەدانییەی هەیە، هۆکارێکی گرینگ دەبێت کە جارێکی دیکە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ گەشتکردن سەردانی هەولێر بکەنەوە.

لە ماوەی ئەو شەش ڕۆژەدا زیاتر لە ٢٠٠ یاریزان و ڕاهێنەر و ناوبژیوان دێنە هەولێر.

هەولێر و هەرێمی کوردستان بەگشتی لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵدا لە ڕووی چالاکیی وەرزشییەوە پشکی شێری بەردەکەوێت، چالاکیی لەم جۆرەش هاوکار دەبێت بۆ سەربەخۆتربوونی وەرزش لە هەرێمی کوردستان. سەرباری ئەوەش زۆربەی یاریزانانی هەڵبژاردەکانی عێراق لە یارییە کۆمەڵی و تاکییەکانیشدا یاریزانی کوردن.

جێی باسە ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی خولێکی ڕاهێنەرایەتییەوە، سەرۆک و ئەندامانی فیدراسیۆنی تۆپی پێی بچووککراوەی جیهانی سەردانی هەولێریان کرد، بەئارامی و ئاوەدانیی پایتەخت سەرسام بوون، لە مانگی شوباتی ئەمساڵدا لە سعودیە بە فەرمی هەولێریان دەستنیشان کرد بۆ ئەنجامدانی پاڵەوانیەتییەکە.

ئێستە تیپی هەڵبژاردەی کوردستان سەرقاڵی مەشق و ئامادەکارییە، سەردار ئیسماعیل گەشبینە ئەنجام و دەسکەوتێکی گەورە بەدەست بهێنێت، یاریی دەستپێکی پاڵەوانیەتییەکەش لە نێوان هەڵبژاردەی کوردستان و لوبنان دەبێت. هەڵبژاردەکانی بەڕازیل، میسر و چەند وڵاتێکی ئەفریقیا و ئاسیاش بەشدارن.

# زانکۆی سەڵاحەدین خوانی دکتۆرا قەدەغە دەکات

**گڵکەند**

زانکۆی سەڵاحەدین لە هەنگاوێکی سەرنجڕاکێشدا، نەریتێک دەشکێنێت کە تێچوویەکی زۆر و زیادەی دەخستە ئەستۆی قوتابیانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا. لەمەودوا هاتنە ژوورەوەی میوانی دەرەوەی زانکۆ بۆ هۆڵەکانی بەرگریکردن لە توێژینەوەکانی قوتابیانی ئەو دوو ئاستە، قەدەغەیە.

بۆ ئەو بڕیارە، بەرپرسانی زانکۆکە بیانووی ئابووری و ئەکادیمی دێننەوە، کە لە ئەنجامدا بەقازانجی قوتابیان دەشکێتەوە، چونکە هەر لە خەرجییە زیادەکە ڕزگاریان نابێت، بەڵکو ئەو گوشارە دەروونییەشیان لە کۆڵ دەبێتەوە کە بەهۆی میوانی دەرەوەی زانکۆ لە کاتی تاقیکردنەوە و بەرگرییە ئەکادیمییەکە تووشی دەبن.

سەرۆکی زانکۆی سەڵاحەدین ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەبڕیارێک میوانی لە هۆڵی گفتوگۆی نامەی ماستەر و دکتۆرا قەدەغە کرد، بەڵام بەشێک لە کۆلێژەکان کەمتەرخەم بوون لە جێبەجێکردنی بڕیارەکە، بۆیە ئەوان لە ئەنجوومەنی زانکۆ ئەو بڕیارەیان دەرکردووە و لیژنەیەکی تایبەتیان پێک هێناوە بۆ جێبەجێکردن و چاودێریی بڕیارەکە.

دکتۆر کامەران یونس لە بارەی بڕیارەکەوە بۆ (گڵکەند) گوتی "لایەنی ئابووری و زانستی هەیە، بووەتە نەریتی قوتابیان دوای گفتوگۆ، خەڵکێکی زۆر داوەتی مەتعەم دەکەن و خەرجییەکی زۆریان لەسەر دەکەوێت، لایەنی زانستییەکەشی ئەوەیە لە کاتی گفتوگۆدا میوان هەبووە لەخۆڕا قسەی کردییە و کاری کردووەتە سەر ڕێڕەوی گفتوگۆ".

ساڵانە نزیکەی دوو هەزار گفتوگۆی ماستەر و دکتۆرا لە سەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆی سەڵاحەدین ئەنجام دەدرێن.

لای خۆیەوە دکتۆر عومەر عەلی مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەڵاحەدین ئەوە دەخاتە ڕوو کە گفتوگۆی ماستەر و دکتۆرا بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەیە و زۆر جاریش ڕەخنەی توند ئاراستەی قوتابییەکە دەکرێت، بەڵام ئامادەبووان وەکو لایەنێکی لاوازی قوتابییەکە دەیبینن، بۆیە پێی وایە ئامادەنەبوونی میوان جگە لەوەی بارسووکییە بۆ قوتابییەکە، لایەنی دەروونیشی ئاسوودەتر دەکات.

بەپێی بەدواداچوونی (گڵکەند)، خەرجیی هەر قوتابییەکی ماستەر بەم شێوەیە:

١٢٠ هەزار دینار بۆ قبووڵکردنی بڵاوکردنەوەی ناونیشانی گفتوگۆ لە گۆڤاری زانکۆ.

١٥٠ هەزار دینار بۆ لیژنەی زانستیی توێژینەوەکە.

١٥٠ هەزار دینار بۆ لیژنەی زمانەوانی و پێداچوونەوە.

٩٢٥ هەزار دینار بۆ لیژنەی تاوتوێی توێژینەوەکە.

٦٠٠ هەزار دینار بۆ چاپکردنی ١٠ دانە لە توێژینەوەکە.

لەناو هۆڵی گفتوگۆشدا خواردن و خواردنەوە پێشکێش دەکرێت، کە خەرجییەکی سەربارە بۆ قوتابی، کە دەچنە دەرەوەش بۆ داوەتی خواردنگە، خەرجییەکە زیاتر دەبێت، بەو بڕیارە نوێیەی زانکۆکە، قوتابی لەو خەرجییانە ڕزگاری دەبێت.



مەسعود پەرێشان

# کوردستان یان هەرێم

بۆ هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر، هیچ ناوێک لە کوردستان پیرۆزتر و شیرینتر نییە، کە لە پێناو مانەوە و پاراستنیدا، ڕووبارێک خوێنمان بۆی ڕشتووە و شۆڕش لەدوای شۆڕشی بۆ هەڵگیرساوە، هەموو ڕژێمە داگیرکەرەکانیش بۆ سڕینەوەی ئەو ناوە پیرۆزە، بەردەوام دژمان وەستاونەتەوە، هەموو شێوازێکی لەناوبردن و سڕینەوەیان گرتووەتە بەر، بەڵام نەک هەر نەیانتوانیوە بەو مەرامەیان بگەن، بەڵکو بەخەباتی نەپساوە، گەیاندوومانەتە ڕۆژی ئەمڕۆی فیدراڵی و بووینە هەرێمێکی دانپێدانراوی نیمچە سەربەخۆ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین.

بەپێی دەستووری عێراق و بەفەرمی بەو ناوچەیەمان دەگوترێت هەرێمی کوردستان، ئەمە سەپێندراوە و فەرمانڕەواکانیشیان ئەو ناوەیان لەسەر زارە، ئەوەش بۆ ئێمەی کورد مایەی شانازییە و مافێکیشە و بەدەستمان هێناوە، ئەرکی سەر شانمانە بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین.

ئەوەی مایەی نیگەرانی و جێی گومانیشە، لەناو خۆماندا، کەسانێک هەن بە ئەنقەست ناوی کوردستانیان لە بیر خۆیان بردووەتەوە و تەنها دەڵێن هەرێم، واتە سڕینەوەی ناوی ئەو هەرێمەی بەفەرمی کوردستانە و ئەوانیش لە ئێمە باشتر ئەو ڕاستییە دەزانن، بەڵام لە هیچ قسە و دەربڕینێکدا ئەو ناوە پیرۆزەیان بەسەر زاردا نایەت و قەڵەمەکانیشیان نووسینی ئەو ناوەیان لە خۆیان تەراندووە، بەجۆرێک گومانەکەمان ببێتە دڵنیایی لەوەی ئەمە دەستی ئەنقەستە و سەرباری خۆیان خەڵکێکی دیکەی نەیاریشیان لە پشتە کە وایان لێ دەکات دژایەتیی ناوی کوردستان بکەن و لە مێشکی وەچەی ئێستەدا بەناوی هەرێمی بگۆڕنەوە و ناوە ڕەسەنەکەیان لە بیر ببەنەوە!

واتە پیلانێک لە ئارادایە بۆ سڕینەوە و لەبیربردنەوەی ناوی کوردستان و گۆڕینەوەی بەناوی هەرێم کە بە دەست و دەربڕینی ڕۆڵەکانی خۆمان جێبەجێ دەکرێت و تا ڕۆژی ئەمڕۆش کەس لەسەری نەهاتووەتە دەنگ و بەخشکەیی تێدەپەڕێت و خەریکە خەڵکە سادەکەشمان لەسەری ڕادێت، کە ئەمە تاوانێکە و نەک هەر ناکرێ لەسەری بێدەنگ بین، بەڵکو دەبێ بە هەموو توانایەکمان دژی بوەستینەوە و لە پێناوی مانەوەیدا بکەوینەوە خەباتێکی بێ وچان.

ئاخر کە ناوی پیرۆزی کوردستان دێتە پێش، نە حزبایەتی و لایەنداری دەمێنێت و نە کەسیش بە تەنها خاوەنێتی، چونکە ئەوە ناوی خاکی میللەتێکە کە لە وەتەی هەیە و فامی کردووە، لە پێناو چەسپاندن و مانەوەیدا خەباتی کردووە و جەنگاوە و قوربانیی بۆی داوە و ناکرێ ئەمڕۆ بەدەستی خۆمان بیسڕینەوە و بەناوێکی غەدارەی بگۆڕینەوە.

ئەو هەرێمە ناوی خۆی هەیە و ئەگەر نەگوترێت ئەوا لەنێو سەدان هەرێمی دیکەی دونیادا بزر دەبێت و هیچ کەسێک نایناسێتەوە. بۆیە بەو کەسانە دەڵێم برادەرینە ئەگەر دڵتان بە ناوە پیرۆزەکەش ناکرێتەوە و سوورن لەسەر ئەوەی ناوی هەرێم بەکار ببەن، ئەوا پێتان خۆش بێت یان نا هەر دەبێ پێی بڵێن هەرێمی کوردستان، تا ئەو ڕۆژەی ناوی هەرێمەکەی لە یاخە دەبێتەوە و ناوە پیرۆزەکە بەتەنها دەمێنێتەوە. بەو ئومێدە.

# کۆڕنیشی کاولۆکان

## ڕاکێشانی گەشتیار و ڕزگارکردنی ڕووبارێك

سیروان مەحموود ئەرگۆشی

لە بنارەکانی چیای هەندرێن، لە پاڵ ئەو کانییەی جنۆکەکان بوونە هەوێنی دەردانی و پاشان ناوی جندیانی هەڵگرت، لە قەد ئەو شوێنەی کە سەردەمانێک ڕژێمەکانی عێراق گەورەترین قشڵی سەربازییان لێ بنیات نابوو، ئێستە باوەش بۆ پرۆژەیەکی گەشتیاری بەناوی (پرۆژەی کۆڕنیشی کاولۆکان) دەکرێتەوە.

هەرچەندە هەندێک سەرچاوەی مێژوویی باس لەوە دەکەن بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤ – ١٩١٨ ڕواندز لەو کاولۆکانەی ئێستە بووە، کە لەنێو دۆڵێکدا هەڵکەوتووە و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئێستەی ڕواندز و ڕووبارێکیش بە ناویدا ڕەت دەبێت، بەڵام بەهۆی هێرشی ڕووس بۆ سەر ناوچەکە و داگیرکردنی شارۆچکەکە لە ١٣ی ئایاری ١٩١٦، بەرەو سەرەوە هەڵکشاوە.

سەرچاوەی ئاوی ڕووباری کاولۆکان لە کانیاو و بەفراوی کوێستانەکانی باڵەکایەتی هەڵدەقوڵێت، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پلانی دایە لەسەر ئەو ڕووبارە کۆڕنیشێک بنیات بنێت، کە چوار وێر لەخۆ دەگرێت.

ئەم پرۆژەیە بەشێکە لەو پلانە ستراتیژییەی دەکەوێتە چوارچێوەی ماستەرپلانی گەشتیاریی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران. پرۆژەکە لە قۆناغی یەکەمی خۆی دایە و کارکردن تێیدا بەردەوامە، پێک هاتووە لە دروستکردنی چوار وێر بەدرێژاییی چوار کیلۆمەتری ڕووبارەکە، ئێستە یەک وێری تەواو بووە، وەک هەڵگورد شێخ نەجیب سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران باسی لێوە کرد.

دەستەواژەی وێر کە لە weirی ئینگلیزی وەرگیراوە بەواتای بەربەستێکی بچووک یان بەنداوێکی گچکە دێت، بۆ گلدانەوەی ئاو لەسەر ڕووبار یان جۆگەلەیەک دروست دەکرێت، ئەم شێوازە لە پونگاندنەوەی ئاو لەسەر ئاستی جیهان بەدیزاینی جۆراوجۆر دروست دەکرێت، بەڵام لە ڕووباری کاولۆکان لە پاڵ کۆکردنەوەی ئاو ڕەچاوی لایەنی گەشتوگوزارییش کراوە. وەکو سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران باسی لێوە کرد، مەبەستی سەرەکییان لەو پرۆژەیە بنیاتنانی ژێرخانی گەشتیارییە لە سنوورەکەیان، تا لەو ڕێگەیە ڕێژەی گەشتیار زیاد بکەن، کە دواجار هەلی کاری زیاتریش دەڕەخسێنێت.

بەبوونی ئەو وێرانە ئاوی زۆر گل دەدرێتەوە، ڕووبەرێکی فراوانتر لە هەردوو لای ڕووبارەکە دەگرێت، بەمەش هەم دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەبەخشێت، هەمیش هێشتنەوەی ئاو لە ڕووبارەکە بۆ ماوەیەکی درێژتر لێ دەکات، نەک وەک دۆخی ئێستەی کە لە ڕووبارێکی گەورە بۆ جۆگەلە ئاوێک بەرتەسک بووەتەوە.

بەرپرسانی ئیداریی شاری سۆران باوەڕیان وایە، بۆ ئەم جۆرە ناوچانە وێر لە بەنداو گونجاوترە، ئەمەشیان بۆ کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی بەنداو گەڕاندەوە و بەبڕوای ئەوان دروستکردنی بەنداوێکی گەورە لەو شوێنە، کێشەی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت یاساییشی دەبێت، بەهۆی لاوازیی کاریگەرییە سروشتییەکانیشی وێریان پێ لە بەنداو گونجاوتر بووە، باوەڕیشیان وایە چەند وێرێکی بەدوای یەک لە ڕووی گلدانەوەی ئاو و نەهێشتنی هەڕەشەی لافاو، دەتوانن هەمان ڕۆڵی بەنداوێکی گەورە ببینن.

فەیسەڵ سادق بەڕێوەبەری گشتیی گەشتوگوزاری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، لە بارەی ئامانجی پرۆژەی کۆڕنیشی کاولۆکان دەڵێت «ئامانجی کردنەوەی ناوچەیەکی گەشتیارییە بۆ خەڵکی سنووری سۆران، تا لە شوێنێکی ئارام ڕۆژگار بکەنەوە، لە پاڵ ئەوانیش گەشتیاری دەرەکی بۆ سنوورەکە ڕابکێشن».

بەبڕوای بەرپرسەکەی گەشتوگوزاری سۆران، پرۆژەکە پانتاییەکی فراوان دەگرێت و چەندین چالاکی لەخۆ دەگرێت وەک کافێ، چێشتخانە، کەپری گەشتیاری و کۆشک، تا بتوانرێت لە چوار وەرزی ساڵ خۆی بنوێنێت.

لە بارەی هەلی کاریشەوە، فەیسەڵ سادق گوتی «بەهۆی فراوانیی پرۆژەکە، هەلی کاری باش بۆ گەنجان و هاووڵاتیانی سنووری سۆران دەڕەخسێت، لە پاڵ ئەوانیشدا خەڵکی شار و شارۆچکەکانی دیکەش ناڕاستەوخۆ دەبنە کرێکاری ئەو شوێنە گەشتوگوزارییە». ●


کارکردن لە پرۆژەکە بەردەوامە


عەبدولباسیت فەرهادی

## دادوەر و حزبایەتی

هەر تاکێکی کۆمەڵگە، بەپێی یاسا مافی چوونە ناو حزبێکی سیاسیی هەیە، بەڵام هەندێک کار و وەزیفە هەن، وا دەکەن خاوەنی کارەکە لە ماوەی ساڵانی کارکردنیدا ئازاد نەبێت لە هەڵسوکەوت و چوونە ناو حزبی سیاسییەوە، چونکە کار و ئەرکەکانی جۆرە تایبەتمەندییەکیان هەیە، دادوەر سەرتۆپی ئەو کارانەیە.

هەر کەسێک دەبێتە دادوەر، دەبێت ئەو مەرجانەی تێدا بێت کە لە ماددەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی دەسەڵاتی دادوەریی هەرێمی کوردستان دیاری کراون.

دادوەر کە بڕیار و حوکم دەردەکات، ئەو کارەی (بەناوی گەل) دەکات، لێرە گرینگی و ترسناکیی کاری دادوەر دەردەکەوێت، بۆیە دادوەر لە ماوەی کارکردنی وەک دادوەر، موڵک و نوێنەری گەلە، بەناوی گەلەوە حوکم دەکات و چەندین جۆر سزا بەناوی گەلەوە دەردەکات، دوای بوونی بەڵگەی یاسایی تا دەگاتە سزای لەناوبردن واتە مردن و لێسەندنەوەی ژیان، ئەو جۆرە دەسەڵاتە نەدراوەتە هیچ کەسێکی دیکەی ناو کۆمەڵگە لە هەر پلە و پۆست و بەرپرسیاریەتییەکدا بێت، بۆیە دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرەوەی دادی کە ئەوانە لە دادگەکان کار دەکەن، بەپێی ماددەی (١٢) لە یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٣) قەدەغە کراون بچنە ناو حزب و گرووپە سیاسییە ڕێپێدراوەکان. ئەگەر پێش وەرگرتنی پۆستەکانیان سەر بەحزبێک بووبن، دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ بە فەرمی واز لە کاری حزبی بێنن.

لە یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی ئاماژەپێکراو لە بەشی حەفتەم کە تایبەتە بە (ئەرکی دادوەران)، لە ماددەی (٥٢) بڕگەی دووەم هاتووە، (کارکردنی دادوەر لە ئیشی حزبی قەدەغەیە).

بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە کاتی بوونی کێشە و گرفتە سیاسییەکانی نێوان لایەنەکان، تانە و تەشەر لە دادوەرە بەڕێزەکان دەدرێت و هەندێک لە بەرپرسە حزبییەکان لەسەر شاشەکانی میدیاکان بەتایبەتی ئەگەر بڕیاری دادگەکان لە بەرژەوەندیی ئەوان نەبێت، یا نەتوانن دادگە وەک هۆکار و ئامرازێک بۆ مەرام و ئارەزووی خۆیان بەکار بێنن، هێرش دەکەنە سەر دادگەکان و دادوەران.

لەوانەیە ڕەفتار و بڵاوکردنەوە و دەرکەوتنی هەندێک لە دادوەران لە کاتی ئاریشە و ناکۆکییەکان و قسەکردنیان بەجۆرە لایەنگرییەکی لایەنێک لێک بدرێتەوە و دەرفەت و هەل بۆ هێرشکەرانی سەر دادوەر و دادگەکان بڕەخسێنێت، بۆیە پێویستە دادوەران لە ئاست ئەو ئەرک و بەرپرسیاریەتییەدا بن کە پێیان سپێردراوە. ●

# کۆییەکان خواردنگەکانیان بە ژنان دەسپێرن



وێنەکان: شلێر سەعید

ئالا شوان لە کاتی کارکردندا

**شلێر سەعید**

زۆرترین خواردنگە لە کۆیە هی ژنانن، جگە لەوەی ژن کاریان تێدا دەکەن، خاوەنەکانیشیان ژنن و هەلی کاریش بۆ پیاوان دابین دەکەن.

بەهۆی ئەوەی خواردنەکانیان کوردەواری و خۆماڵین، خەڵک زۆر ڕوویان تێ دەکەن، چەند ژنێکیش لە ماڵەکانی خۆیان هەر لە کۆیە خواردن دروست دەکەن و بە ئۆنلاین دەیفرۆشن، ئەوەش جگە لەوەی چەند ژنێکی دیکە لە کۆیە شیرینەمەنی دروست دەکەن و لە دوکانەکان ساغیان دەکەنەوە.

ڕێزان عەبدوڵڵا لە ٢٠٢٢ەوە خواردنگەیەکی کردووەتەوە، هەر خۆی خواردن دروست دەکات و خواردنگەکەش بەڕێوە دەبات، دەڵێت ئەگەر گەنج بوایە سێ خواردنگەی وەک ئێستەی بەڕێوە دەبرد. ئێستەش جار جارە ژنی دیکە دێنێت بۆ ئەوەی وەک کارمەند هاوکاریی بکەن لە ئامادەکردنی خواردنەکاندا، بەتایبەتیش بۆ پاککردنەوەی سەروپێ، کە جگە لە برژاوەکان، زۆربەی خواردنە کوردەوارییەکانیش پێشکێشی میوانان دەکات.

سەبارەت بەکاتی کارکردنی ڕێزان گوتی هەموو ڕۆژ لە هەشتی بەیانییەوە دەچێتە خواردنگەکەی و تا ئێوارە دەمێنێتەوە، دوو کچی خۆی لەگەڵ ژنێک کاری بۆ دەکەن. چوار پیاویش گۆشت دەبرژێنن، هاوژینەکەشی کارەکانی دەرەوەی خواردنگەکەی بۆ ڕادەپەڕێنێت.

ئەو ژنە خاوەن کارە سەبارەت بەبیرۆکەی خواردنگەکەی دەڵێت پێش نزیکەی ٢٠ ساڵ خواردنگەیەکیان لە کۆیە کردەوە، حەزی کردووە کاری تێدا بکات، بەڵام هاوژینەکەی گوتوویەتی خەڵک قسە دەکەن، بەبۆچوونی ڕێزان، هێشتا کۆمەڵگە بابیی ئەوە نەکرابووەوە ڕێگە بە ژن بدرێت خواردنگەی هەبێت.

ئەو پێی وایە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان خواردنگەکەی و خواردنگەکانی دیکە هەیە کە پیاو بەڕێوەی دەبەن، بەتایبەتیش ئاماژە بەلایەنی پاکوخاوێنی دەدات. سەرباری ئەوەش دەڵێت دەستاوی ژن خۆشترە لە هی پیاو.

ئالا شوان سێ ساڵە خواردنگەیەکی دیکەی لە کۆیە کردووەتەوە، هەستێکی خۆشی هەیە کە هەلی کاری بۆ ١٠ ژن و چوار پیاو ڕەخساندووە و خواردنگەکەی ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کردووە.

لە بارەی بیرۆکەی دانانی خواردنگەکەیەوە دەڵێت "لە ٢٠١١ەوە کۆلێژی وەرزشیم تەواو کرد، دەمویست لە بەشەکەی خۆم خزمەت بکەم، بەڵام ڕێک نەکەوت، بۆیە بیرم لەوە کردەوە خۆم کارێک بکەم".

دەشڵێت "بەهۆی ئەوەی بابم بۆ ماوەیەکی زۆر چێشتخانەی هەبووە، بەخۆشم نەوسنم و زۆرم حەز لە خواردن بوو، فێری دروستکردنی چێشت بووبووم، بڕیارم دا یەکەم خواردنگەی ژنانە لە کۆیە بکەمەوە".

ئالا پێی وایە کە پیاوان و ژنانیش حەز دەکەن بچنە خواردنگەیەک کە ژن خاوەنیەتی و خواردنەکان دروست دەکات، چونکە دڵنیا دەبن لە پاکوخاوێنییەکەی، دەشزانن ژن بەدڵسۆزی دایکانە ئیش دەکات و دەسترەنگینترن و دەستاویشیان خۆشترە.

خوانی ئالا سەرەتا تەنها خواردنی ڕەسەنی کوردەواری بوو، بەڵام ئێستە هەموو جۆرە خواردنێک و شیرینی و قاوەشیان هەیە، دەڵێت جگە لە کۆییەکان، زۆر جار خەڵکی شاری دیکە تایبەت بۆ خواردنەکانیان سەردانی کۆیەیان کردووە.

سارا زانست کچە ئەندازیارێکی کۆیەیە، لە کاتێکدا بۆ کۆمپانیایەک کاری کردووە و داهاتەکەی کەم بووە، ڕۆژێک ئەو ڕستەیەی خوێندووەتەوە کە دەڵێت تا کەی ئێمە خەڵکی دیکە دەوڵەمەند بکەین؟ بۆچی خۆمان دەست پێ نەکەین؟ لەو ڕۆژەوە بڕیاری داوە ببێت بەخاوەن کاری خۆی و خواردنگەیەکی کردووەتەوە، ئێستە هەشت کەس لای ئەو کار دەکەن و میوان لە شارەکانەوە سەردانی دەکەن، چونکە وەک خۆی دەڵێت لە سۆشیال میدیا چالاکن و زوو ناوبانگیان پەیدا کردووە.


خواردنگەکەی سارا کە دوو ساڵە کراوەتەوە، زۆربەی میوانەکانی قوتابیانی زانکۆن، چونکە بەشێوەیەکی بەردەوام داشکانی بۆ قوتابیانی زانکۆی کۆیە کردووە. هەروەها خواردنی بەکۆمەڵیش بۆ بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەک پرسە و ئاهەنگ و جەژنەکان دروست دەکەن.



سارا زانست خاوەن خواردنگەیەکی کۆیە

سارا پێی وایە جیاوازیی بنچینەیی لە نێوان خواردنگەکاندا نییە بەهۆی ئەوەی ژن بەڕێوەیان ببات یان پیاو، بەڵام سەلیقە و لێهاتوویی خاوەنەکەی ڕۆڵ دەبینێت جا ژن بێت یان پیاو، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە "من چۆن لە ماڵی خۆم خواردن حازر دەکەم و گرینگی بە خاوێنی دەدەم، لە خواردنگەکەشم هەر وام". ●

## 300 لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

## جیلی ئاڵتوونی

دیارە مەبەستیان لە ‹‹جیلی ئاڵتوونی›› نەوەی زێڕینە، نازانم کەی یەکەم جار، کێ، لە کوێ ئەو دەستەواژەیە بەکار هاتووە، هەروەها نازانم مەبەستیان لە کام نەوە و سەردەمە.

زۆر بەباشە باسی سەردەمی پاشایەتیی عێراق دەکرێت، بەر لە شۆڕش یان کودەتاکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨. هەیە دەڵێت؛ تا مەلیکە گچکە مابوو، دونیا شامی شەریف بوو، گورگ و مەڕ پێکەوە ئاویان دەخواردەوە! ئەوە چەندی ڕاستە، دەگونجێت، نازانم!

جاروبار سەردەمی چوار ساڵەکەی یازدەی ئاداری ١٩٧٠ دێتە گۆڕێ، بێ گومان کەمێک بووژانەوە هەبووە، ئاوەدانکردنەوەش لە ئارادا بووە، ئەگەرچی ئەو دەمانەش مەسئولەکان زۆر خەریکی دەوڵەمەندبوون، بەڵێندەری، قەسری گەورە، ژنی دووەم، کڕینی ئۆتۆمۆبێلی بێ ڕەقەمی دزراوی مۆدیل نوێ بوون!

جیلی ئاڵتوونی؛ بەڕاستی نازانم مەبەستیان کام سەردەمە! هەندێ جار وێنەکانی سەردەمی کۆتاییی حەفتاکان، هەشتاکان دادەنێن، دەنووسن ‹‹جیلی ئاڵتوونی››!

نازانم چی ئەودەمانە ئاڵتوونی بوو، جوان دەبریسکایەوە، بەهاکەی بەمیسقاڵ دەکێشرا، نازانم! سەرسامم چ جۆرە ئاڵتوونییەک بوو؟ زۆرمان خانوومان بنمیچەکەی حەسیر، کاریتە بوو، لە کۆڵانێک بەدەگمەن ماڵێک تەلەفۆنی هەبوو، هەموومان پێڵاومان لاستیک، یەخەی قەمیسمان کە دەدڕا، هەڵماندەگێڕایەوە! بە ڕوونی ماڵێ قژمان چەور دەکرد، چەند منداڵە بازرگان، ئاغایەک نەبێت، کەس سواری فڕۆکە نەبووبوو!

لە هەشتاکاندا، لە شارەوانی پارچەیەک زەویم وەرگرت، یەکەم جار چوومە تاپۆ، دائیرەکەی لە تەنیشت سینەمای سەلاحەدینی جاران بوو، سێ چوار ژوور بوو، هەموو موڵکەکانی هەولێر، لەناو دووسێ دۆلابی شڕی ژوورێکی تاریکدا بوو.

جیلی ئاڵتوونی چۆن بوو، لە هەولێر نەشتەرگەریی ڕیخۆڵە کوێرە ئاسان نەبوو، پوورزایەکم لە کەرکووک دکتۆر ‹‹عومەر دزەیی›› بەناسیاری، خزم خزمانێ نەشتەرگەریی بۆ کرد، چووین لە نەخۆشخانەی کۆماریی کەرکووک هێنامانەوە!

جیلی ئاڵتونی چۆن بوو؟ بۆ خوێندنەوەی پارچە شیعرێکی ئەنوەر قادر جاف، جەلال میرزا کەریم، لەتیف هەڵمەت. یەک هەفتە چاوەڕوانی هاتنی ڕۆژنامەی ‹‹هاوکاری››، دووسێ مانگ ‹‹بەیان››مان دەکرد!

ئاڵتوونی کێندەرێ؟ نیوەی تەمەنمان سەربازی بووە، نیوەکەی تری فیراری، شۆڕش، پێشمەرگە، شاخ بووە.

تەلەڤزیۆنە ڕەشوسپییەکە تەنیا ئێواران هەبوو، نیوەی کاتەکانی هەواڵ، شرۆڤەی سیاسی سەقەت بوون! ئاڵتوونییەکە لە کوێ بوو؟ لەو ساڵانە شارەوانیی هەولێر؛ سێ چوار قەلاب، دوو شۆڤل و یەک بلدۆزەر و چەند تراکتۆرێکی هەبوو! تووڕەش مەبن مەڵێن؛ ئەو دەمانە هەولێر؛ خۆشتر، پاکتر، ئاوەدانتر و جوانتر بوو!. ●

# ماستی هەولێر دەگاتە ئەمەریکا



**گۆران شاخەوان - بۆستن، ئەمەریکا**

هەر کوردەک لە ئەمەریکا، وەختی بۆ یەکەم جار تامی ماستی هەولێر دەکات، ئێکسەر بێ دوودڵی وێنەی دەفری ماستەکە لەسەر سۆشەڵمیدیا بڵاو دەکاتەوە. تومەز ناتوانێ ئەو هەستە بشارێتەوە، کە بەهۆی تامی ماستەکەوە تێکەڵی ناخی دەبێت.

بیستوومە لەگەڵ یەکەم پاروو، مرۆ یادگارییەکی سەردەمی منداڵیی بیر دێتەوە، دەگەڕێتەوە ئەو ڕۆژانەی کە تەواوی خێزان بەدەوری خوانی بەیانی، هەڤڕا پاروویان لە ماست دەکوشی.

ڕۆژەک د. بیلال وەهاب، نووکە سەرۆکی زانکۆی ئەمەریکییە لە سلێمانی، لەسەر دەفری ماستی هەولێر نووسیبووی «ئەوجا ئەمەریکا ئەمەریکایە". ڕۆژنامەنووسەکی عەرەب بەناوی شەبان عەبود لەگەڵ وێنەی ماستی هەولێر، چیرۆکی سەردەمی منداڵیی خۆی گێڕابووەوە، ئەوەشی نەشاردبووەوە، هەفتانە چەند کیلۆمەترێک دەبڕێ، تەنێ بۆ کڕینی شیری هەولێر لە ولایەتی ڤێرجینیا، «ئەوە تاکە شیرە لە نێو ئەو هەموو شیرە عەرەبی و تورکی و یۆنانییە، تامەکەی دەتباتەوە سەردەمی منداڵی».

تێبینیم کردووە، هەر کەسێک تامی ئەم شیر و ماستە «کوردییە» دەکات، یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی لە مێشکی زیندوو دەبنەوە.

ئەوەی ڕاستی بێت، من تا ئێستە تامی ماستی هەولێرم نەکردووە، بەڵام زۆرم لەسەر بیستووە. من لە ولایەتی نیوهمشێر دەژیم، هێشتا لەم ناوچەیەی بە «نیو ئینگلاند» ناسراوە، ماستی هەولێر بەردەست نییە. ئەوجا بڕیارم داوە، وەختی سەفەری ڤێرجینیا یان شیکاگۆم کرد، یەکەم شت لە جیاتیی کەباب، تامی ماستی هەولێر بکەم. ئەم بەڵێنەشم بە ‹هەڵمەت نانەکەلی› خاوەن و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ماستی هەولێر داوە.

هەڵمەت نانەکەلی لە ساڵی ١٩٨٤ لە هەولێر هاتیتە دونیا. هەر لە شاری قەڵا و منارە چووەتە بەر خوێندن. باوکی هەڵمەت، ڕەشید نانەکەلی، لە ساڵی ١٩٩٦ لە ترسی شەڕ و ماڵوێرانی و ڕژێمی سەدام، بەرەو ئەمەریکا کۆچ دەکات. هەر چەند ژیانی ئەم ماڵباتە خۆش بووە، کێڵگەیەکی گەورە و بزنسی دیکەیان هەبووە، بەڵام وڵاتی خەونەکان لە کەللەی ڕەشید دەدات. سەرەتا بەتەنیا ڕێگەی مان و نەمان دەگرێتە بەر، لە پاش خۆشی ژنێک و دە منداڵ لە هەولێر جێ دەهێڵێت.

پاش ڕۆیشتنی ڕەشید، ئەو خانەوادە یازدە کەسییە، سەختترین ژیان دەبەنە سەر، «ئێمە هێشتا منداڵ بووین، ناچار چووینەوە لای ماڵی خاڵم لە گوندی سەردار". هەڵمەت ڕۆندک لە چاوی قەتیس مابوون، کاتێک ئەوها باسی چیرۆکی سەردەمی منداڵیی خۆی دەگێڕایەوە.

هەڵمەت و دایکی و زارۆکەکانی دی، دوو ساڵ لە ماڵی خاڵی هەڵمەت، کە خاوەنی کێڵگەیەکی گەورە و دەیان سەرئاژەڵ بوو، دەگیرسێنەوە.

دایکی هەڵمەت بەسەختی کار دەکات، تاریک و ڕوونی بەری بەیان لە خەو ڕا دەبێت، مانگا و بزن دەدۆشێ، ماست هێوێن دەکات، خەوتانی پەنیر و ژاژی دەکات و بازاڕی شار بەو بەرهەمە خۆماڵیانە ئاوەدان دەکاتەوە. وەکی هەڵمەت لۆی باس کردم، لە ساڵانی هەشتاکان، ئەو ماستەی دایکی هەڵمەت دروستی دەکرد، ناوبانگی لە هەموو هەلێر دەنگی دەدایەوە.

باوکی هەڵمەت دەگاتە ئەمەریکا، دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی، دواجار خێزانەکەی ڕادەکێشێت و هەموویان لە ساڵی ٢٠٠١ لە شیکاگۆ بەیەکتر شاد دەبنەوە. وەکی هەموو خێزانێکی ئاوارە، ماڵباتی هەڵمەتیش دیسان لە سفرەوە دەست پێ دەکەنەوە. سەرباری سەختیی ژیان، بەڵام کۆڵ نادەن. «کوردبوون، خۆڕاگری و شانازی بەمیراتەکەم و ڕێزگرتنی قووڵم بۆ دابونەریتی کوردەواری لە ناخمدا چاند». وەختێک پرسیارم لێ کرد، چۆن بەسەر ئەم ژیانە سەختەدا سەرکەوتن؟ هەڵمەت ئەم ڕستەیەی کردە دەستپێکی قسەکانی.

پشتی چەندین ساڵ لە ئەمەریکا، دیسان هەوێنی ماست و دروستکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەبێتەوە
د ە مە تە قێی
نێو ماڵباتەکەی ڕەشید. هەر جارەک هەمووان وێکڕا کۆ دەبنەوە و مەجلیسەکەیان بە چایە و گوڵەبەڕۆژە گەرم دەکەن، دایباب، دەیانەوێ هەتا خۆیان لە ژیاندا ماون، منداڵەکانیان بخەنە سەر ڕێچکەیەک، نەک تەنێ پشت بەخۆیان ببەستن و قازانجی ماددی بکەن، بەڵکو بەم هۆیەشەوە بتوانن کولتوور و مێژووی کوردستان بەدونیا بناسێنن.

سەرەتا لە ماڵەوە دەست بەهەوێنکردنی ماست دەکەن. دایکی هەڵمەت دووبارە دەبێتەوە کابان و وەستای ماستە ناوازەکە. چەند ساڵەک وەها بەردەوام دەبن، بەڵام دەبینن خواست لەسەر ماستە کوردییەکە تا دێت زیاتر دەبێت. بۆیە لە ساڵی ٢٠١٨ بەفەرمی کۆمپانیای ‹ماستی کوردیی هەولێر› لە ولایەتی ئیلینۆیس دەکەنەوە.

چەند ڕۆژەک لەمەوبەر بە تەلەفۆن دەمەکی خۆش لەگەڵ هەڵمەت ئاخفتم. ئەو بەوپەڕی شانازییەوە دەیگوت، «ماستی کوردیی هەولێر تەنێ بزنس نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ناساندنی کولتوور و مێژوو و شارستانیەتی کوردستان. هەر لە ناوی کۆمپانیاکەوە بگرە، هەتا دەگاتە دیزاین و خودی بەرهەمەکان.» ئەوجا بەڕاستی وەختی دیقەت دەدەیە دەفری ماستەکە، هەموو وردەکارییەکان بەسەلیقەیەکی
لەبنەهاتوو نەخشەسازییان بۆ کراوە، ڕەنگدانەوەی جوانی سروشتی کوردستان و دەوڵەمەندیی مێژوو و شارستانیەتی کورد، هەر لە دوورەوە نیشان دەدات، کە بەڵێ، ئەمە وڵاتی کوردانە، ئەو خاکەی یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتی کشتوکاڵی لێ چاندرا.

ڕەشید نانەکەلی وەختی خەونی خۆی و ماڵباتەکەی دەکاتە ڕاستی، کۆچی دوایی دەکات. هەڵمەت بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە، ئاخی بۆ نەمانی باوکی هەڵدەکێشا، هەنگین بەدەنگێکی لەسەرخۆ گوتی، «باوکم بەشێکی دانەبڕاوە لەم گەشتەدا. ئەو ئیلهامبەخش و مامۆستای ئێمە بوو. هەموو خەونی ئەوە بوو، ماستی هەولێر لەسەر ڕەفەی تەواوی فرۆشگەکانی ئەمەریکا ببینێت.»

پشتی وەفاتی ڕەشید، هەڵمەت و شاڵاوی برای سەرکردایەتیی کارگەکەیان گرتە ئەستۆ. نووکە دەیان کارکەری کورد کار لە کارگەی ماستی هەولێر دەکەن. ئەوجا دوای ئەو هەموو دەربەدەری و ماڵوێرانییەی ئەم ماڵباتە خۆڕاگرە، زۆرم حەز دەکرد بزانم هەڵمەت هەستی چۆنە، کە ئەو لە بنەچەوە کوردە؟ نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم، ئێکسەر هاتە ئاخڤین، «کوردبوون، هەم شەرەفە و هەم بەرپرسیارێتی.» دواتر کەمێک وەستا، هەناسەیەکی هەڵکێشا، نەمزانی لەو دەمە بیری لە چی دەکردەوە. ڕەنگ بێ قسەکی باوکی کۆچکردووی بیر هاتبێتەوە. «خۆڕاگری و کۆڵنەدانی کورد، ڕۆژانە ڕێنوێنیم دەکات، نەک هەر لە چۆنیەتیی دروستکردنی بەرهەمەکانمان، بەڵکو چۆن بەدەستپاکی و بەخاوێنی ماست بگەینینە کڕیارەکانمان.»

من لەو سوالفە دووروودرێژەی لەگەڵ هەڵمەت کردم، تێگەیشتم ئەوان بۆ گەیشتن بەئەمڕۆ تووشی زۆر دەردەسەری هاتوون. تەنانەت لەم ڕێگەیەوە هەڕەشەیان لێ کراوە، ئەگەر ناوی «کورد» لەسەر بەرهەمەکانیان لا نەدەن، تووشی زیان دەبن، چونکی هێشتان دەیان نەتەوەی جودا هەن، بەبیستنی ناوی کورد، دەڕەونەوە. «براندەکەمان نوێنەرایەتیی کورد و مێژووی کوردستان دەکات، قەت سازش لەسەر ئەوە ناکەین.» ئەمە بەرسڤی هەڵمەت بووە، بۆ هەموو هەڕەشەکان.

کەیفم لەو پەیوەندییە پتەوەی خۆم دێت لەگەڵ ڕەوەندی کوردی هەم لە باکوری ئەمەریکا، هەمیش لە ئەورووپا. هەر خێزانێکی کورد دەبینم، بەری هەموو تشتەک پرسیاریان لێ دەکەم، چەوا دەتوانین زمان و کولتووری نەتەوەکەیان بپارێزن؟ هەیە دەڵێت: منداڵەکان زوو فێری زمان بکەین. هەیانە پێی وایە، هەموو ساڵەک سەفەری کوردستان بۆ نەوەی تازە، دەرمانی گشت دەردانە. لێ هەڵمەت جودا، ئەڤ پرسگرییە دەبینێت، «خواردن یەکێکە لە بەهێزترین پەیوەندییە کولتوورییەکان، دەتوانین لە ڕێگەی ماستی هەولێر، پارچەیەک لە مێژوو لەگەڵ هەموو کڕیارێکدا هاوبەش بکەین.» ئەوجا هەر بەڕاستی، کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر خۆڕایی نەیگوتووە، «لە بۆت دەمرم هەولێرە ماست.»







ماستی هەولێر بە تام و ڕەنگی جیاواز

# خێزانێکی تورك لە بنکەی ئاگرکوژێنەوەی هەولێر

**هەژار مەجید**

دوای ئەوەی لە ٢٠٢٣دا خۆی و تیمەکەی لە ئیسلاحییەی تورکیا، ژیانی باوکێک و کچە دوازدە ساڵییەکەیان ڕزگار کرد. هاوینی پار خۆی ڕووبەڕووی ڕووداوێکی گەورە و مەترسیدار بووەوە، کاتێک لە ڕێگەی گوێڕ خەزانێکی نەفت گڕی گرت، دواتر بیرێکی پڕ لە تێزاب لە تەنیشتییەوە تەقییەوە.

دیواری ژووری بنکەکەی بەچەندین بڕوانامەی نێودەوڵەتی ڕازاندووەتەوە، ٢٤ ساڵە لە بەشی ڕزگارکردنی بەرگریی شارستانیی هەولێر، ژیانی دەیان کەسی لە مەرگ ڕزگار کردووە، بەم هۆیەوە چەندین جار ژیانی خۆی خستووەتە مەترسییەوە.

برزۆ واحید ئەفسەری بنکەی بەرگریی شارستانییە، یەکێکە لەو فریادڕەسانەی لە ژیانی پیشەییدا ڕووبەڕووی دەیان ڕووداوی مەترسیدار بووەتەوە، یەکێک لە ڕووداوەکان بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێت "ڕووداوی زۆرمان بەسەر هاتییە، بەس ئەوەی قەت لە بیرم ناچی هاوینی پار بوو، لەسەر ڕێی گوێڕ خەزانەکی نەفت ئاگرەکی گەورەی گرت، تانیمان پاش ١٤ سەعاتی بیکوژێنینەوە، بەس نەمانزانی حەفرەکی پڕ تیزاب لەوێ هەیە و نەفت دزەی کردبووە ناو تیزابەکە، وەختەکی لە ناکاو گرمەکی گەورە ناوچەکەی هەژاند، حەفری تیزابەکە تەقییەوە، خوا ڕەحمی کرد ئەو دەمی کەسمان لە نێزیک حەفرەکەی نەبووین، دەنا دەبووە کارەساتەکی گەورە، ڕۆژەکی ترسناک بوو، ژیانی تەواوی تیمەکە لە مەترسیدا بوو".

ئەو ئەفسەرە کە پلەی (ڕائید)ی هەیە، ڕووداوێکی تر دەگێڕێتەوە کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لە کاتی بوومەلەرزەکەی ٢٠٢٣ی تورکیا بەسەر خۆی و تیمەکەیدا هات، ئەو ڕۆژەی بۆ ڕزگارکردنی لێقەوماوانی کارەساتەکە دەچنە شاری ئیسلاحییە، زانیارییان پێ دەگات باوکێک و کچە دوازدە ساڵییەکەی لەژێر باڵەخانەیەکی پێنج نهۆمیی ڕووخاودا گیریان خواردووە، خۆی و تیمەکەی دەچن، دوای پێنج کاتژمێر کارکردن لە شوێنێکی مەترسیدار و هەستیاردا، ژیانی باوک و کچەکە ڕزگار دەکەن. برزۆ دەڵێت «بەڕاستی لۆمە زۆر خۆش بوو، عیلاقەمان لەگەر ئەو عایلەی مایە، جارەکی هاتنە هەولێرێ و لە بنکە سەردانیان کردین".

برزۆ واحید بۆ پێشخستنی تواناکانی، لەلایەن حکوومەتەوە بۆ چەندین خولی فریاگوزاری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان نێردراوە، لەوانەش لە کۆریای باشوور، سوید، نەمسا، ئەڵمانیا، ئوردن و تورکیا بەشداریی چەندین کۆرس و خولی کردووە، یەکەم وێستگەی کارکردنیشی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر بووە، ئێستەش شانازییەکی زۆر بەکارەکەیەوە دەکات و ئەزموونی خۆی بۆ ئەفسەر و کارمەندانی کوردستان دەگوێزێتەوە.

پاڵەوانەکانی فریاکەوتنی خەڵک و لێقەوماوان زۆرن، بەڵام ئەوانەی ژیانی خەڵک لە مردن ڕزگار دەکەن دیارترینیانن، مەرج نییە پزیشک یان پەرستار یان کارمەندی تەندروستی بن، بەڵکو لە نموونەی مەلەوان، کارمەندانی بەرگریی شارستانی و ئاسایش و زۆری دیکە هەن.



برزۆ واحید، ئەفسەری بنکەی شارستانی

# کەزی بەرناکەوێت



**گڵکەند**

ماوەیەکە لە ئارایشتگەکانی هەولێر باو باوی کڕین و فرۆشتنی کەزیی خانمانە.

لە ژمارەیەک ئارایشتگە لە پاڵ ڕازاندنەوەی خانماندا، کەزییش سەودا دەکرێت. داخوازیی زۆر لەسەر کەزیی درێژ هەیە، تا درێژتر و پڕتر بێت بەنرخی بەرزتر دێتە فرۆشتن.

خاوەنی ئارایشتگەیەکی ڕازاندنەوە لە هەولێر دەڵێ ئەو خانمانەی پرچیان درێژ نابێت یان تەنکە، ئەو کەزییانە دەکڕن.

کەزیی ئەستوور و جۆری داوە موو و درێژییەکەیان، هەروەها چۆنیەتیی خزمەتکردنی و نوێیەتی و زیندوویەتیی مووەکان، پێوەری کەزیی باشن بۆ ئەوەی زوو بێنە فرۆشتن. جیا لەوانەش، خاوەنی ئەو ئارایشتگەیە کە ناوی ساماڵ عەلییە، پێی وایە تەمەنی خانمی بەخشەری کەزییەکە ڕۆڵی هەیە و تا گەنجتر بێت، باشترە.

بەشێک لە کەزییەکانی ئەو بازاڕە نوێیە، لەلایەن خانمانی ناوخۆوە دابین دەکرێت، بەشێکیش لە بازاڕەکانی جیهانەوە هاوردە دەکرێن.

بە گوتەی ساماڵ، هەندێک خانم دەچنە ئارایشتگە و داوای بڕینی پرچیان دەکەن، ئینجا لە بریی ئەوەی فڕێی بدەن، دەیفرۆشنەوە. بەڵام ئەو پرچەی کڕین و فرۆشتنی لەسەرە، نابێت درێژییەکەی لە ٨٠ سانتیمەتر کەمتر بێت، هەر کەسێکیش کە کەزی بکڕێت ١٥٠ تا ٢٠٠ تاڵی بۆ دادەندرێت، کە هەر تاڵێک نێزیکەی ١٠٠ داوە مووە.

خاوەنی ئارایشتگەکە دەڵێ کڕیار زۆرن، بەڵام ژمارەی فرۆشیار کەمە، بۆیە سەرەی چاوەڕێکردنی دەستکەوتنی کەزیی درێژە.

پاش ئەوەی کەزی و پرچەکە دەست دەکەوێت و بۆ کڕیاری دادەنێن، بەئارەزووی خاوەنە نوێیەکە پرچەکە بۆیاغ دەکەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ پرچەکەی خۆی ببێتە یەک ڕەنگ. ئەوەش ئاشکرا دەکات کە نرخی هەر کەزییەک لە ٣٠٠ هەزار دینارەوە دەست پێ دەکات.

ئەو پرچانە بەچەند ڕێگەیەک بۆ خانمی کڕیار دادەنرێت، وەک لە ڕێگەی لێزەرەوە، هەروەها لە ڕێگەی بورغی و لەزگەوە، خاوەن ئارایشتگەکە دەشڵێت ئەو پرچە بۆ دوو مانگ یان سێ مانگە، دوای ئەوەی پرچی کڕیارەکە درێژ دەبێت، پێویست دەکات شوێنی پرچە زیادکراوەکە بگۆڕدرێت، دەنا هەڵدەوەرێت.

«ئەمن پرچم زەعیفە، بە هیچ درێژ نابی، لۆیێ پێش دوو مانگ چوومە ساڵۆنەکی ئەو پرچەم بە سێ وەرەقەی کڕی، بەس دەبی زۆر ئاگام لێ بی و بە شانەی دنک گەورە دایدەینم، بەهێواشی دەیشۆم نەکو ئارۆز بی، بەس دەتانم کریاتین و نیگرۆی بکەم"، هەنار مۆفەق یەکێک لەو کچانەیە پێشتر پرچی کڕیوە و دایناوە، درێژیی پرچەکەی ٩٠ سانتیمەترە و وەک خۆی باسی دەکات زۆری پێ جوانە، دەشڵێت پاش ماوەکی دی پرچەکەی لێ دەکاتەوە و بەس پرچی خۆی دێڵێتەوە، بۆ ئەوەی پشوو بدات.

ئارەزوو حەیدەر خانمێکی باڵاپۆشە و وەک خانمانی تر ناتوانێت خزمەتی پرچە درێژەکەی بکات، تا ئێستە دوو جار پرچی خۆی فرۆشتووە، دەڵێ زۆر زوو پرچی درێژ دەبێتەوە و لەبەرئەوەش کە لە دەرەوە لەچک دەکات، بەپێویستی نازانێت خزمەتی پرچی درێژ بکات، بۆیە هەموو جارێ بەمەبەستی فرۆشتنەوە دەیبڕێت.

### ”بە ئەتەکێتترین بینەری شانۆ لە هەولێرن“

# جەماوەر تەمەنی شانۆی (باڵندەی کامەرانی)یان درێژ کردەوە

**زیرەک تاریق**

لە حەوشەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، دەیان کەس چاوەڕێی کردنەوەی دەرگەی شانۆن، هۆڵەکە جمەی دێت لەو بینەرانەی بەبێدەنگییەکی پڕ لە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی دەستپێکی نمایشی ”باڵندەی کامەرانی“ دەکەن؛ شانۆییەکە ماوەی ١٧ ڕۆژە وەک دیاردەیەکی هونەری لە پایتەخت بەردەوامە.

نمایش بە گۆرانییەک دەست پێ دەکات کە ١٩ نوێنەری گەل لە هۆڵێکی پەرلەماندا دەیڵێنەوە “چیی تر نابینە هێلانەی حەسرەت، دەرگەی ئومێدمان لە بەردەم دایە”، بەدرێژایی ماوەی شانۆییەکە، ڕووداوەکان بینەر لەگەڵ خۆیدا دەخاتە نێو گێژاوێک لە گریان، پێکەنین، بێدەنگی، هاوار، ڕق و میهرەبانی.

شوان کەریم، نووسەر و دەرهێنەری شانۆییەکە، چیرۆکی لەدایکبوونی ئەم کارە بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە «ڕاستییەکەی، بیرۆکەی ئەم شانۆیە بۆ پێش دوو ساڵ دەگەڕێتەوە، پێنج مانگە کاری لەسەر دەکەین، لە نووسینەوە تا پرۆڤە و دروستکردنی دیکۆر”.

جەخت لەوە دەکاتەوە سەرەتا بەبێ هیچ پشتیوانییەکی ماددی دەستیان پێ کردووە «هەموو ئەکتەرەکان لەسەر حیسابی خۆیان ئامادە بوون قوربانیی گەورە بدەن، تەنها لە پێناو ئیشەکە، ئێستە شوکر بۆ خوا بەرهەمەکەی دەبینینەوە”.

سەرکەوتنی کارەکە وای کرد ماوەی نمایشکردن لە ١٠ ڕۆژەوە بۆ ١٧ ڕۆژ درێژ بکرێتەوە، بەڵام وەک شوان کەریم دەڵێت، بەهۆی پابەندبوون بە کاتی ئەکتەرەکان و گەڕاندنەوەی کەلوپەلەکان، ناچار بوون دوای ١٧ ڕۆژ لە نمایش، لە ١٣ی ئەیلوول بیوەستێنن.

لە بارەی ئەو پرسیارە باوەی کە گوایە شانۆ بینەری نییە، دەڵێت «ئەو قسەیە هەڵەیە. بە ئەتەکێتترین و جوانترین بینەری شانۆ، بینەری کوردستانە، بەتایبەت لە هەولێر. کێشەکە ئێمەین کە تەمبەڵ بووین و پێمان وا بووە دەبێت شانۆییەک پێشکێش بکەین کە خەڵک لێی تێ نەگات».

ئەو پێی وایە ئەگەر بە زمانێکی سادە و کارەکتەری بەهێزەوە کار بکرێت، بینەر هەمیشە ئامادەیە.

بابەتی شانۆییەکە باس لە سیستمی نادادپەروەری و بێباکیی نوێنەرانی گەل دەکات و ١٩ ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆکە ڕۆڵ دەگێڕن.

یوسف ئەسعەد مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە، لە شانۆییەکەدا ڕۆڵی باوکی ئارمای پاڵەوان دەگێڕێت و دەڵێت «چێژم لە کارکردن لەگەڵ ئەو گەنجانە بینی، هەرگیز پشتیان بەرنادەم. توانای زۆریان هەیە و دەرفەتیان بۆ نەڕەخساوە”.

یەکێک لەو گەنجانەش کیژێکی هەولێرییە، بەناوی سان سالار، دووەم ئەزموونی شانۆییەتی، باس لەو ترس و دڵەڕاوکێیە دەکات کە پێش نمایشەکە هەیانبووە «سەرەتا پێیان دەگوتین شانۆ لە هەولێرێ پێشوازیی باشی لێ ناکرێت و بینەری وا نییە. دەیانگوت پاش چەندین ساڵ کە شانۆ نەکراوە، باوەڕ ناکەین لێرە پێشوازیی لێ بکرێت”. بەحەماسەتەوە باسی دڵسۆزیی بینەران دەکات و دەڵێت ئەو ڕۆحیەتەی لێرە هەبوو، جیاواز بوو.

ئەسکەندەر زرار شاعیر و سەرۆکی سەنتەری ڕۆشنبیریی خەون، وەک بینەرێک ئامادەی نمایشەکە بووە. ستایشی قووڵی نووسینەکە و بابەتە گرینگەکەی دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات زۆربەی ئەم چالاکییانە هەوڵی تاکە کەسین «پێویستە دامەزراوەی گەورە هەبێت پاڵپشتیی ئەم گەنجە بەهرەمەندانە بکات. من ئاگەدارم بەشێکی ئەم کارە لە هۆڵێکی بچووکدا پرۆڤەی لەسەر کراوە”.

نمایش تەواو دەبێت، بینەران هەڵدەستنە سەرپێ و چەپڵەڕێزانێکی درێژخایەن هۆڵەکە دەتەنێت.

فرمێسک هێشتا بە ڕووی هەندێک لە بینەرەکانەوە دیارە و هەندێکی دیکەش بە ڕووگەشییەوە لە نزیکەوە ستایشی تیمەکە دەکەن؛ ستایشکردنێک کە دەکرێت لە داهاتوودا ببێتە هەوێنی دروستبوونی چەندان شانۆییی دیکە.

شوان کەریمی دەرهێنەر لە کۆتاییی قسەکانیدا لە ڕێگەی (گڵکەند)ەوە مژدەیەک دەدات و دەڵێت «نیازمان هەیە ناوەندێکی شانۆیی لە هەولێر دابمەزرێنین کە بەردەوام لە وۆرکشۆپ و نمایشدا بێت”.





# تەقە لە شاشەی سینەما دەکرێت

**پشتیوان عەبدوڵڵا**

لە شێستەکان و حەفتاکان، هەولێر چەقی بازرگانیی گوند و لادێیەکانی دەوروبەری بوو، خەڵکی گوندی زۆربەی بەروبوومەکانیان لە هەولێرێ ساغ دەکردەوە. هەفتەی جارێک یان دووجار دەهاتنە شار و کاروبارەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد و نیوڕانانیش نان و کەبابێکی چەوریان دەخوارد ئەوجە دەگەڕانەوە، بەتایبەت کە ئەو کات کەبابی هەولێرێ ناوبانگێکی زۆری هەبوو.

هەر لەو ساڵانەدا تازە سینەما وەک شتێکی نوێ کرابووەوە، بۆ خەڵکی گوند و دێهاتەکان سەیر بوو. بیستبوویان کە لەو شوێنە شتی عەنتیکە و خۆش پیشان دەدرێت. بۆیە تاکوتەرا ئەو خەڵکەی گوند و لادێیانە دەچوونە سینەما.

لەو قۆناغەدا فیلمی کاوبۆی و شەڕ باو بوو، وەک فیلمەکانی لی ڤان کلیف و جۆلیانا جیما و ڕینگۆ.

ڕۆژێک لە سینەما حەمرا، گوندییەک بەدەمانچەوە دەچێتە تەماشای فیلمێکی کاوبۆی، ئەو سەردەمە شار ئارام بووە و لە کاتی چوونە ژوورەوەدا کەسیان نەدەپشکنی، بەڵام پێ دەچێت کابرای گوندی دوژمندار بووبێت و یەکەم جاریشی بووە بچێتە سینەما و فیلم ببینێت.

لە کاتی پیشاندانی فیلم و دەرکەوتنی ئەکتەرەکاندا، لە دیمەنێکی فیلمدا دەبێتە شەڕە تەقە و پاڵەوانی فیلمەکە پڕ بەشاشەی سینەماکە ڕوو لە بینەران دەکات و دەمانچەکەی ڕادەکێشێت، کابرای گوندییش لە هێکڕا وا دەزانێت ڕاستییە و قەوماوە، دەمانچەکەی دەردێنێت و دەڵێت ئەوە دەمانچە لە کێ ڕادەکێشی؟ دوو گوللە بەشاشەکەوە دەنێت. لە سینەما دەبێتە هەرا و گڵۆپەکان هەڵدەکرێن و فیلمەکە دەوەستێت.

دواتر کابرا هێور دەکەنەوە و دەمانچەکەی لێ وەردەگرن، تێی دەگەیەنن کە ئەمە فیلمە و ڕاستی نییە، خاوەن سینەما حەمرای ئەو کات کە بەقەمبوور ناسرا بوو، دەزانێت کابرا ساویلەکە و سادەیە، بێ ئەوەی بەگرتنی بدات، بەڕێی دەکات. بەم شێوەیە ڕووداوەکە نەبووە هەواڵ، بەڵکو بووە نوکتە و لە نێوان خەڵک بۆ خۆشی دەگێڕدرایەوە.

# هێلانەی باڵندە جیاوازەکان

غیاسەدین نەقشبەندی

یەکێک لەو پەسەنە دەگمەنانەی لە هەولێر گەڵاڵە دەبن و دەکەونە سەنگی مەحەک و هەموو کەس بەپراکتیک لە ناویاندا دەژیێت و هەستی پێ دەکات: مرۆڤدۆستیی هەولێر و هەولێرییەکانە.

هەولێر شارێکی بیانیئامێزە، واتا گرینگ نییە خەڵکی کوێ بی، کورد بی یان هەر نەتەوەیەکی دیکە بی، هەولێر لە دێرزەمانەوە باوەشێکی گەرم و بە بەزەیی و کراوەیە بۆ هەمووان.

جگە لە ئەزموونی کەسایەتیی خۆم، کە دووجار لە ڕێڕەوی ژیانی خانەوادەماندا، لەبەر بارودۆخی سیاسی ڕوومان لە هەولێر کردووە، هیچ شوێنی تر نەبووە وەکو هەولێر تێیدا هەست بەغەریبی نەکەین، هەولێر باوەشێکی کراوە بووە، ئێمەی لە ئامێز گرتووە، بەبێ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان هەست بکەین لە زێدی خۆمان نین، یان خۆمان بە بیانی و نامۆ دیتبێت.

ئەو پەسەنانە لەناو گەورە شارەکانی دونیادا هەن، کاتێک چینایەتی و ئاین و نەتەوە نابن بە بەربەست بۆ ئەوەی هەست بە وابەستەگی و تەڤلیبوونی خۆت بکەی، هەر چ نەتەوە و ئاینێک بی، تەیراوە هەر تەیراوەیە و قەڵات هەر قەڵاتە و بازاڕی هەولێر و قەیسەری و گڵکەند وەکو خۆیانن، لە سەندەویچی فەلافلەوە بگرە هەتا بەناوبانگترین کەبابخانەکانی کوردستان هەمان چێژ و هەست بەهەمووان دەبەخشن.

## هەولێری بە بەزەیی

ئەو وشەی لە سەرەتاوە بەکارم هێنا (بەزەیی) لەخۆیڕا نەهاتووە، بەڵکو مەبەستێکی قووڵترم هەیە، خەڵکی هەولێر بەگشتی مرۆڤی بەبەزەیی و مرۆڤدۆستن، هیچ بیانییەک لە هەولێر هەستی بە برسیاتی و ترس و گەف و هەڕەشە نەکردووە، دەسەڵاتە داپڵۆسێنەرەکان، کە زۆر هەوڵیان دا ڕووخساری هەولێر بگۆڕن و نەیانتوانی.

بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تری دونیا، کەمترین تاوان لە هەولێر دەبیسترێ، چونکە خەڵکێکی بەبەزەیی و خاوەن مۆراڵێکی بەرزی تێدا دەژی، چاکە و قەنجی کراوەتە کولتوورێکی گشتیی ئەو شارە، جگە لەوەش نەمزانیوە کەس بەهەژاری و نەداری مردبێت یان ناچار کرابێت شارەکە بەجێ بهێڵێت، سەرەڕای بارودۆخی زۆر خراپ کە بەسەر هەولێر هاتووە.

خەڵکەکە یارمەتیدەری یەکترن و ناهێڵن هیچ تاکێک لەناویدا بکەوێ، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە چەمکی تاک لەلای هەولێرییەکان بەلووتکەی خۆی گەیشتووە و هەموو کەسێک بە خاوەن ماف لەناو ئەو پیرە هەولێرە دەزانن، نەیانهێشتییە کەس بگاتە ڕادەی لەناوچوون، بەڵکو بەهەموو شێوازێک یارمەتییان داوە و نەیانهێشتووە بگاتە ئاستی لەناوچوون؛ نموونەش زۆرن یەک لەوان: ئەنفالی بارزانییەکان کە پیاوەکانیان گیران و ژن و منداڵیان بەبێ کەسی بەجێ هێشت، هەولێر مەردانە بۆیان وەستا و نەیهێشت بەهیچ شێوازەک لەناو بچن، زۆربەیانیان لەسەر کار دادەنا و یارمەتییان دان، تەنانەت ئەگەر هیچیشیان پێ نەکرابا، گۆرەویی خووری و کاری دەستییان لێ دەکڕینەوە و نەیانهێشت بارودۆخەکە کار لە کەرامەتیان بکات، نموونەیەکی دیکەش: کاتی ئەنفالی بادینان خەڵکەکەیان هێنا جەژنیکان، لەناو سیمی زۆرەملێیان فڕە دان، بێ خواردن و بێ نوین و بێ هیچ ئالاڤێکی ژیان، هەولێر و هەولێرییەکان هەستانەوە سەرەخۆیان و بەمەردایەتییەکی بێ وێنە لۆری لە کۆڵانان دەگەڕا، هەر ماڵێک هەرچی هەبا دەیبەخشی، یارمەتییان لە کاتێکدا کۆ دەکردەوە کە مەترسیترین شت بوو کەسێک لەو بارودۆخە بیکات، مەفرەزەی ئەمن و ئیستخبارات بەدوای لۆرییەکان دەکەوت و خەڵکی یارمەتیدەریان دەگرت، بەڵام مەردانە کارەکەی خۆیان کرد و بویەرەکی لەبیرنەکراویان لە مێژووی هەولێر تۆمار کرد.

نموونەی بەرچاوی ئەوەش؛ کاتێک لە هەولێر سەیارەیەک ئاگر دەگرێت یان تامپۆن دەکات – بەچاوی خۆم بینیومە – کۆمەڵێک مرۆڤی مەرد، جادەکە دەگرن و هەر سەیارەکی بەوێدا هات شتەکی لێ وەردەگرن وەکو یارمەتییەک بۆ خاوەن سەیارە سووتاوەکە – بەتایبەت ئەگەر سەیارەکە شڕ بێت– زۆربەی جارانیش ئەگەر پارەیەکی زیاتر لە نرخی سەیارەکەیان بۆ کۆ نەکردبێتەوە، ئەوە دەماودەست پارەی سەیارەی خۆی بە کاش دراوەتە دەست کابرای خاوەن سەیارەی زیانلێکەوتوو. هەر هەمان ڕەفتاریان لەگەڵ عەرەبەکانی ئاوارەی دەستی داعش کرد و هەتا ئێستەش زۆریان تەواو بووینە هەولێری.

ئەو جۆرە ڕەفتارانە، هەڵبەت لە شارەکانی تریش دەبیندرێن لە سلێمانی و دهۆکیش هەن، بەڵام من ئەوەی هەولێرم بەچاو بینیوە.

پاڵنەری سایکۆلۆجیی ئەو جۆرە ڕەفتارانەش تەنها مرۆڤایەتییە، کە زۆر جار خەڵک دەڵێ: لەبەر ئاینە. بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم، چونکە کەس لە شوفێرەکە ناپرسێت خەڵکی کوێیە؟ ئیسلامی یان مەسیحی یان ئێزدی؟ یەکسەر یارمەتییەکەی بۆ کۆ دەکەنەوە و بڕۆ خوات لەگەڵ، بەبێ ئەوەی یەکتریش بناسن، ئەوەندەش پێم وایە لەبەرئەوەیە خۆیان لە جێی کابرای لێقەوماو دادەنێن، ئەو هەستەش ئەوپەڕی مرۆڤایەتییە و بەهیچ شتێکی تر تەفسیر ناکرێت.

## هەولێری دووەم و سێیەم

لەبەر دروستبوونی پڕۆژەی مەزن و هاتنی بەلێشاوی پەنابەر لەلایەک و هاتنی کۆمپانیای بیانی و خەڵکی جیاواز لە هەموو شوێنەکانی دونیاوە و نەمانی سێنترالی هەولێر وەک ناسنامەی ‹پیرە هەولێر› و دروستبوونی شاری مۆدێرن لە دەوروبەر، هەولێر کراوە بە سێ هەولێر: یەکەم هەولێرە کۆنەکەی جاران سێنتراڵ.

دووەم: هەولێری زۆنی زێڕ و ئەڵماس و فەخفەخە، کە هیچ سیمایەکی هەولێری تێدا نییە و زۆربەی خەڵکەکەشی هیچ سیمایەکی هەولێرییان پێوە دیار نییە. سێیەم: هەولێری شارە مۆدێرنەکانی دەوروبەر کە کەمدەرامەتەکان و چینی ناوەند تێیاندا دەژین. ئەوانەش بەشێوازێکی تر دەژین، بەتایبەت لەبەر زیادبوونی ژمارەی عەرەب کە کولتووری تایبەت بەخۆیان لەو شارۆچکانەدا سەپاندووە و بەدەگمەن تێکەڵی هەولێری یەکەم و دووەم دەبن، ئەو بویەرەش لە ڕووی کولتووری و پێکەوەژیانی تاکەکان زۆر ترسناکە، لە دوارۆژدا سێ چینی لەیەک جودا ناتوانن لە یەک شاردا بژین و سەروسیمای پیرە هەولێر دەشێوێندرێ، پێویستە هەرسێ هەولێر لەسەر یەک دابونەریت و کولتوور و مۆراڵ کۆ بکرێنەوە، نەک هەریەکەیان لە بارودۆخێکی جیاوازدا بژیێت و یەکتری نەناسن.



# شەکیب حەسەنەکانی هەولێر

**عومەر کەریم**

لەناو تۆز و خۆڵی عاردەکی لابەلای هەولێرێ، دوور لە یاریگە قەرەباڵغ و سەوزەکانی بەنگلادیش، هەموو هەینییەک فیکەی دەستپێکی یاریی کریکێت لێ دەدرێت. دەیان کرێکاری بەنگلادیشی، دوای بەسەربردنی شەش ڕۆژی پڕ ئیشوکار، هەڵگرتنی بلۆک و پاککردنەوەی شەقام و بیناکان، جلەکانی ئیشکردنیان دادەکەنن، جلوبەرگی وەرزشی دەپۆشن، بۆ ئەوەی یارییەک بکەن کە ماڵ و نیشتمانیان بیر دەخاتەوە.

بەنگلادیشییەکان پێیان وایە کریکێت زیاترە لە وەرزشێک، ئەو یارییە بە لێدانی دڵی کۆمەڵگە دەزانن.

کرێکارانی بەنگلادیشی ساڵانێکە بەمەبەستی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی، ڕوویان لە کوردستان کردووە، بەدڵسۆزی و کارزانی، شوێنی خۆیان لە بازاڕی کاردا کردووەتەوە. لەگەڵ ئەوەی کاتژمێرەکانی کارکردنیان پڕە، دەستبەرداری چەند نەریتێکی کۆمەڵایەتیی خۆیان نەبوون، کە یەکێکیان ئەنجامدانی یاریی کریکێتە.

بەنگلادیشییەکان دەڵێن چەند جارێک لە هەولێر زەویی خەڵکیان ڕەخساندووە بۆ یاریی کریکێت، بەڵام بەهۆی فرۆشتنی زەوییەکە یان ڕازینەبوونی خاوەنەکانی و هەندێک جاریش بەهۆی دروستکردنی باڵەخانەی نوێوە، یاریگەکەیان لەدەست چووە و پەکیان کەوتووە، ئیتر نەیانتوانیوە لەو شوێنانە بەردەوام بن، ناچار یاریگەکەیان گواستووەتەوە و لە شوێنێکی نوێدا درێژەیان پێ داوە.

عەشقی بەنگلادیشییەکان بۆ ئەم یارییە، وای کردووە چەندین شوێن بگۆڕن، بێ گوێدانە هیلاکی و ماندووبوون، بێ وچان بەدوای یاریگەی نوێدا بگەڕێن، تا ڕۆژانی هەینی لێی کۆ ببنەوە.

سەچن کرێکارێکی بەنگلادیشییە و کارمەندی یەکێک لە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانە لە هەولێر، بەکوردییەکی پاراو بۆ (گڵکەند) گوتی "ئێمە هەموو هەینییەک لە شوێنی کارەکانمان پشوومانە، لە بریی پیاسە و چوونە بازاڕ، خەریکی یاریی کریکێت دەبین. حەزی زۆرمان بۆ ئەم یارییە، وای کردووە کە ئەم تاکە ڕۆژەی پشوومانە، بیر لە چێشتەخەو و پاڵدانەوە لە ماڵ نەکەینەوە.

بەپێی قسەکانی، سەچن خۆی ڕێکخەری یارییەکەیە و هێنانی تیمیش هەر لە ئەستۆی ئەو دایە. ساڵانە چەند جارێک خولی بەهێز لەم یارییە بۆ تیپە بەنگلادیشییەکان دەکاتەوە.

گڕ و تینی یاریزانەکان و ئامادەبوونی هاندەرانی هاوزمانی خۆیان، سەلمێنەری ئەوە بوون کە چەندە هۆگری ئەم یارییەن.

بۆ یاریی کریکێت، هەر تیپێک پێویستی بە یازدە یاریزانە، بەڵام سەچن دەڵێت زۆر لەو ژمارە زیاتر ئامادە دەبن. بۆ ئەوەی هەموویان بتوانن یاری بکەن، لە کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ تا شەشی ئێوارە بەردەوام دەبن لە یاریکردن.

یاریی کریکێت لە ئەسڵدا بەریتانییە و لە سەدەی ١٦ سەری هەڵداوە، بەڵام وڵاتانی هیندستان و بەنگلادیش لە دیارترینی ئەو وڵاتانەن کە هۆگری ئەم یارییەن.

شەکیب حەسەن لە دیارترین و باشترین یاریزانی یاریی کریکێتە لە مێژووی بەنگلادیش، خاوەنی چەندین ناسناوە لەسەر ئاستی جیهان، بۆیە خۆشەویستییەکی زۆری وڵاتەکەی بۆ خۆی ڕاکێشاوە. بەنگلادیشییەکان هەر کاتێک خاڵێکی جوان لە یارییەک وەرگرن، بۆ گاڵتە و خۆهەڵکێشان دەڵێن، ئەم جۆرە خاڵانە تەنیا بە من و شەکیب حەسەن دەگیرێ. ●





وێنەکان: عومەر کەریم



سەلار و سەرکردە

# سەربوردەی خانزادێ سۆران

دوریا ئازاد جندیانی

لە مێژووی کوردستاندا، زۆر جار ژن لە ڕۆڵی دایک و ماڵدارییەوە بازی داوە بۆ سیاسەت و ڕێبەرایەتیکردنی کۆمەڵگە و سەرکردایەتیکردنی مەیدانەکانی جەنگ. لە نێو ئەوانەدا خانزادێ میری سۆران هەیە، کە دەسەڵاتدارێکی ناوداری سەدەی شازدە بووە، بەزیرەکی و سەرکردایەتی و تینوویێتیی بۆ سەپاندنی دادپەروەری، جێپەنجەیەکی نەسڕاوەی لە مێژووی ناوچەکەدا بەجێ هێشتووە.

لە سەردەمێکدا کە خیانەت و خوێنڕشتن چارەنووسی خانەدانەکانی دیاری دەکرد، خانزادێ میری سۆران نەک هەر وەک ڕزگاربوویەک بەڵکو وەک ڕێبەرێک سەری هەڵدا، بەستراتیژێکی پۆڵایینەوە میرنشینەکەی بەڕێوە برد.

میرنشینی سۆران (١٣٩٩-١٨٣٥) یەکێک لە میرنشینە کوردییەکان بوو، قەڵەمڕەوییەکەی لە سەردەمی میر محەمەدی ناسراو بەپاشای کۆرە، لە ١٨١٦-١٨٣٥دا گەیشتە لووتکە و جۆرێک لە سەربەخۆییی بەدەست هێنا.

میرنشینی سۆران بەهۆی بارودۆخی جیاواز و سەربازییەوە چەندین پایتەختی هەبووە، وەک هاودیان، دوین، هەولێر، شەقڵاوە، هەریر و خەلیفان، شاری ڕواندزیش دواهەمین پایتەختی بوو.

خانزاد لە ناوەڕاستی سەدەی شازدە لەدایک بووە، لە ١٥٩٧ کۆچی دوایی کردووە. کچی شاقوڵی بەگ و خوشکی میر سولەیمان بەگی میری سۆران بوو، دوای ئەوەی میر سولەیمان ژەهرخوارد دەکرێت و دەکوژرێت، خانزاد فەرمانڕەوایی میرنشینەکە دەگرێتە دەست، بەزیرەکی و لێهاتوویی میرنشینەکە لە سەردەمێکی ئاڵۆز و سەختدا دەگوازێتەوە بۆ گەشانەوە و خۆشی.

لە سەردەمی خانزاد، ناوچەکانی سۆران بە تایبەت هەریر ڕوو لە خۆشگوزەرانی بووە، ئەمەش بەهۆی کارامەیی و دادپەروەریی ئەو خاتوونە میرە، کە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا چەندین قەڵا و حوجرە دروست کران، کە ئێستەش هەندێک لە شوێنەوارەکانیان ماوە و لە هەموویان دیارتر قەڵای خانزادە لەسەر ڕێگەی هەولێر – پیرمام.

دوای ئەوەی میر سولەیمان بەگ بەپیلانگێڕیی کەسێک بەناوی لەشکری لەناو دەچێت، خانزاد پێی دەزانێت، بۆیە لەشکری لە ترسان ناگەڕێتەوە بۆ هەریر، بەڵکو لەگەڵ دارودەستەکەی سەر هەڵدەگرن بەرەو ناوچەی شنگال. خانزاد ویستوویەتی تۆڵەی براکەی لێ بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستە پلانێک دادەڕێژێت، نامەیەک بەدەستی مەلای هەریر دەنووسێت بۆ لەشکری و دەڵێت "هەریر و سوپای سۆران بێ تۆ شپرزەیە و میرایەتیی سۆران بە من ناکرێت، خۆت شیاوی ئەو مەنزڵەی، داوات لێ دەکەم بەگەیشتنی ئەم نامەیە دەستبەجێ بگەڕێیەوە بۆ هەریر، خۆزگەی ڕابردووشت جێبەجێ دەکەم و تا ئێستە لە تۆ شیاوترم نەدۆزیوەتەوە ببێتە هاوسەرم". هەرکە نامە دەگاتە دەستی لەشکری، باوەڕ بەگفتەکانی دەکات و بڕیار دەدات بگەڕێتەوە هەریر، سەرباری ئەوەی داردەستەکەی ئاگەداری دەکەنەوە کە ئەو نامەیە فێڵ و پیلانە، بەڵام لەشکری بەهۆی وشەی میرایەتیی سۆران و ئەوینی میر خانزاد و بەدەستهێنانی، دەخەڵەتێ و دەستبەجێ لەگەڵ سەت سوارچاک دەگەڕێنەوە بۆ هەریر.

کاتێک هەواڵی گەیشتنی لەشکری دەگاتە خانزاد، بەخۆی و سەت پیاوماقووڵ پێشوازی لە لەشکری و داردەستەکەی دەکەن و بەرەو ماڵی خۆیان دەیانبەنەوە، هەر ئەو کاتە خانزاد بانگی مەلا دەکات، خۆی لە لەشکری مارە دەکات، بەڵام گواستنەوە دوا دەخات بەبیانووی ئەوەی هێشتا جلی ڕەشی لەبەردایە، لەبەر مردنی براکەی. بەڵام سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر جلی سوور لەبەر دەکات و لەشکری دەبەستنەوە و بەرامبەر خانزاد چۆکدا دەدات، بۆی دەردەکەوێت کە ئەوە پیلان بووە و ڕۆژی تۆڵەکردنەوەیە، دەیکوژێت و یاوەرەکانیشی لەناو دەبات. ●



وێنە: محەمەد دەرگەڵەیی



سمکۆ محەمەد

## نۆستالیژیای هەولێر

بەر لەوەی ماڵم بەیەکجاری بهێنم بۆ هەولێر، پێشتر بەسەردان دەهاتم و کەسانێکی ڕۆشنبیرم دەناسی، بەتایبەتی ئەو قوتابیانەی خەڵکی کەرکووک و سلێمانی بوون و لە کۆلێژی سەلاحەدین دەیانخوێند. بەڵام کە بەیەکجاری ماڵم هێنایە هەولێر و نیشتەجێ بووم، قیسمەت وا بوو لە گەڕەکی تەیراوە خانوویەک بگرم، بۆ کڕینی خواردنیش دوای نیوەڕۆیان دەچوومە لای بەقاڵەکانی سی مەتری، لەوێ بۆ یەکەم جار کوڕێکی ژیر و بەتوانا و خوێنەرم ناسی ناوی دڵشاد بوو، خۆی دەرچووی ئەندازیاری بوو، بەڵام بەهۆی بێکاری و دۆخی ناجێگیری ئەو کاتەوە کە شەڕی ناوخۆ بوو، بیروباوەڕی خۆی پاراستبوو، بەناچار شاگردی ئەو دوکانە بوو، زۆربەی کات دەچووم خەریکی کتێب خوێندنەوە بوو، لەگەڵ ڕێز و حورمەتم بۆ خوێنەران، لە دوکانەکەیدا وێنەی گوێدرێژێکی هەڵواسیبوو کە قات و بۆینباغی لەبەر کرابوو و کۆمەڵێک مایکی لە بەردەم بوو، پێم وایە وێنەکە هی ڕۆژنامەیەکی کاریکاتێری ئەورووپیی سەردەمی جەنگی سارد بوو، بەڵام خرابووە چوارچێوەوە، لە کاک دڵشادم پرسی بۆ ئەو وێنەیەت هەڵواسیوە، گوتی ئەوە مانای خۆی هەیە، پێم سەیرە ئەو پرسیارە دەکەی، چونکە کەس نەیزانێ، دەبێ تۆ بیزانی، دیقەتم داوە تۆ زۆر ڕەخنە لە شتەکان و دیاردەکان دەگری، منیش گوتم بەڵام ئەم وێنەیە واقیعی نییە و ناباوە، شتی ناباویش فرە تەئویلە و هەر کەس دەتوانێ مانایەکی بۆ بدۆزێتەوە، ڕەنگە ئەوەی من بمەوێ باسی بکەم وا دەرنەچێت، گوتی ئەوە بەمانای ڕەخنە دێت لە میدیا و سیاسەتی موزەیەف کە لە سەردەمی خۆیدا خراپ کەڵکی لێ وەرگیراوە بۆ سیاسەت.

چەند ڕۆژێکی خایاند تاکو ئاشنایەتییەکی باشم لەگەڵ دڵشاد پەیدا کرد، کتێبەکانیم دەبرد و دەمخوێندنەوە، زۆرم کەڵک لێ وەردەگرتن، چونکە من بۆ خۆم لە منداڵییەوە وا هەڵکەوتبووم کە وەکو خەڵک بیر نەکەمەوە و ڕەخنە لە شتە ناجۆرەکان بگرم، بۆیە گەنگەشەکردن لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم هێندەی تر هانی دام بەچاوی ڕەخنەوە تەماشای حاڵەت و دیاردەکان بکەم، ئەمەش کارێکی کرد کە ڕەخنەکانی منی دەوڵەمەند دەکرد، لەوێوە تێگەیشتم کە دەکرێ ڕەخنە دوور بێت لە زمانی زبر، دوور بێت لە تێکشکاندنی هەموو شتەکان، دوور بێت لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و کەسایەتییەکان، چونکە ڕەخنە بوارێکی بەرفراوانی هەیە کە ڕەخنەگر دەتوانێ بەزمانی جیاوازی هونەری و ئەدەبی ڕەخنە لە کایە جیاوازەکان بگرێت، جا من لەم سەرەتایەوە دەمەوێ بە زمانێکی ڕەخنەئامێزی نەرم نۆستالیژیای خۆم بنووسمەوە، تاکو لانی کەم کاریگەری لەسەر خوێنەر دابنێت. ●

# براکانی جوانی






تەڵعەت تاهیر

١

لەمساڵدا کوردستان سێ بەهرەمەندی لەدەست دا، قەرەنی جەمیلی شێوەکار و زایەر عەبدوڵڵای ئەکتەر و سامی هادیی شاعیر.
هەرسێکیشیان تەیراوەیی بوون، لە بواری هونەریدا جیاواز بوون، بەڵام لە بەهرەداری و شەرم و دڵسۆزیدا هاوبەش بوون، خاکەڕا و سادە، لە لێواری ئەوە بوون داوای لێبووردن بکەن کە بەهرەدارن.
لەگەڵیاندا دەیان و سەدان بیرەوەریی شیرینم هەنە، لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵام ناسیوە و قەت لە برایەتی و هاوڕێیەتی درێغی نەکردووە، لەگەڵ سامی هادیی شاعیردا بیست ساڵ بەیەکەوە کارمان کردووە و سەرپەرشتیی دەیان فیستیڤاڵ و سەدان سیمینارمان کردووە، لەگەڵ شێوەکار قەرەنی جەمیلدا کارم کردووە و مۆتیڤی سێ کتێبی منی نەخشاندووە.

٢

خەمی زەمینیان بوو
بەو چاوانە نەبینرێ، کە وردە زیخی وەسفی ناخۆشیان تێدایە.
خەمی ئاسمانیان بوو
چۆن هەر ئەو کڵاوە بمێنێتەوە کە بەشی سەری هەمووان بکا.

٣

خەڵکی تەیراوە بوون، بەڵام بڕوایان بەوە بوو لە هەموو جیهان، لە مێژوودا: جەستەی جوانی و نوێگەری یەک جەستەیە،
دەکرێ قەرەنی جەمیل پەنجەیەکی، هەمان پەنجەی دیلاکروا بێت.
لۆی هەیە وشەیەکی سامی هادی، دێرێکی پەڕیوی تێکستێکی سوهرابی سوبهەری بێت.
دەشێ جووڵەیەکی زایەر عەبدوڵڵا هەمان جووڵەی ئەکتەرێکی یەڵماز گۆنای بێت.
هەموو ئەوانەی جوانییان خۆش ویستووە، ناسیاوی سامی و قەرەنی و زایەرن.

٤

قەرەنی، ڕەنگەکانی گەرمن..
وەک گەرمیی پشتی کوشنی پاسێک کە لە زستاناندا پیرەمێردێک لێی دادەبەزێ.
سامی، وشەکانی فێنکن..
وەک فێنکی بەرەبەیانانی پایزی هەولێر، کە منداڵێک خۆی لە چەرچەفەکەی گرمۆڵە دەکا.
زایەر، نواندنی توندە..
منداڵەکانی لە خۆی دەکردە نەیار، لە پێناو ئەوەی کە گەورە بوون چاکەیان خۆش بووێ و بزانن ڕق و کینە مرۆڤ بەرەو هەڵدێر دەبەن.

٥

سەرسام بوون بەسەرسامی
سێ بەهرەی ئاڵۆز بوون لەوپەڕی ڕوونیدا
سێ بەهرەی ڕوون بوون لەوپەڕی ئاڵۆزیدا
لە نیگەرانیدا بوون، نیگەرانیی وشە و ڕەنگ و نواندن..
لە یەقیندا بوون، یەقینی جوانی و پاکی و خۆشەویستی.



# ئازاد عەبدولواحید

## هەولێر و ڕامان

د. محەمەد خدر مەولوود

هێمنی شاعیر ناحەقی نەبوو بەسەرسوڕمانەوە بڵێت "لە ژیانمدا جارێک تووشی ئازاد عەبدولواحید بووم، پێم وا بوو لە چاو تەمەن و ئەزموونی خۆی تێ گەیشتووە، بیرم کردەوە ئێمەومانان لەو تەمەنەدا خەریکی بەردە فڕکە و شەڕە شەق و بەدفەڕی و هێلانەی چۆلەکە دەرهێنان بووین، کەچی ئەم لاوە خۆشەویستە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی گەلەکەمانە". ئەو لاوە، بەم جۆرە لێدوانەی شاعیرێکی ناوداری وەک هێمن، دێتە نێو جیهانی ئەدەبیی کوردی.

بێگومان ئەم پیاهەڵدان و باسکردنە هی کەسێک نییە لەخۆڕاوە گوترابێ و بێ بنەما بێت، بەڵکو هەر خودی هێمن گوتەنی «لە چاو تەمەن و ئەزموونی خۆی پێ گەیشتووە». لە کاتێکدا ئەم لێدوان و باسکردنەی هێمن بۆ پێشەکیی چاپی دیوانی "ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری بوو". بەداخەوە کە پێشەکییەکە لەبەر هەر هۆیێ چاپ نەکرا.

هەر لە بارەی کارە ڕەخنەیییەکانی ئەوسای ساڵانی کۆتاییی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوو، نووسین و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بوو لە بارەی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو، تا وەک کتێب چاپ بکرێت، بەڵام بە هۆکار و دەستی ئەنقەست دەستنووسەکە ون کرا، گەرچی وەک کۆڕی ئەدەبی لە یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی هەولێر پێشکێشی کردبوو، بەڕێوەبردنی کۆڕەکەش لەلایەن ڕۆژنامەنووسی ڕەوانشاد عەبدولغەنی یەحیا بوو.

ئەم دوو بابەتە ئەدەبییە، بۆ ئەوسای تەمەنی نووسینی ئازاد عەبدولواحید مانای ئەوەیان گەیاند کە هەر لە دەستپێکەوە نووسەر خاوەن گوتاری ڕەخنەیییە.

لە ساڵانی دواتر لە هەشتا و نەوەتەکانی سەدەی پێشوو، ئەو گوتارە ڕەخنەیییە لای نووسەر باشتر گەڵاڵە دەبێ لە هەردوو کتێبی (دیوانی شێخ نووری شێخ سالح – بەرگی یەکەم و دووەم ١٩٨٥ و ١٩٨٧)، (پشکۆ و خۆڵەمێش – ١٩٩٧).

ژیانی ئەدەبیی ئازاد عەبدولواحید تا ساڵانی دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ قۆناغی گوتاری ڕەخنەی ئەدەبییە، ڕەخنە سەرباری ئەوەی بوێریی دەوێ، هەگبەیەکی پڕاوپڕیشە لە ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی تایبەتی لە جیهانی ئەدەب و فەلسەفە و ڕێباز و قوتابخانە و قۆناغەکانی ئەدەبی جیهانی و کوردی بەهەموو جۆرە ژانرە ئەدەبییەکانەوە.


سەرباری پشوودرێژی و بەرگەگرتن لە کۆمەڵگەیەکدا، بواری ئەدەبی زیاتر دەق و نووسینی ستایشکراوی دەقە. لە کاتێکدا ڕەخنە لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و قبوڵکردنی بیروڕا و فرە خوێندنەوەییی دەق گەشە دەکات.


قۆناغی دووەمی ئازاد عەبدولواحید ئەو قۆناغەیە لەدایکبوونی (گۆڤاری ڕامان)، جۆری پەیامە ئەدەبییەکەی لە گوتاری ڕەخنەیییەوە دەچێتە قۆناغی پەیامی ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی.

لە گەیاندنی ئەو پەیامە ڕۆژنامەوانییە ئەدەبییەی گۆڤاری ڕامان سەرکەوتوو بوو، بەجۆرێک گۆڤارەکەی کرد بەپرد و ڕایەڵەی بەیەکەوە گرێدان و گەیاندنی ئەدیب و نووسەران و شاعیرانی کوردی هە مو و پارچەکانی کوردستان و لە هەر کوێیەکی گۆی زەوی نووسەرێکی کوردی لێ بێ.

هەروا (ڕامان) بوو بەیەکەم قوتابخانەی گۆڤاری ئەدەبی لە سەردەمی شەڕی نەگریسی براکاندا، بەشیعر و پەیڤی ئەفرێنەر، بەچیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ڕەسەن لە خەمی ساڕێژبوونی برینەکان و بەرزڕاگرتنی بەها پیرۆزەکانی نیشتماندا بوو.

نهێنیی ئەو سەرکەوتنەی ئازاد عەبدولواحید وەک ڕۆژنامەنووسێکی شارەزا، بێ ئەوەی هیچ پەیمانگە و بەش و کۆلێژی ڕاگەیاندنی خوێندبێت، لە (گۆڤاری ڕامان)دا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خۆی هەڵگری پەیامی ڕۆژنامەوانیی ئەدەبییە، بەڵگەی زیندووش نامیلکەی (بەرەو یەکگرتنەوەی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کورد) کە ساڵی ١٩٩٢ چاپی کردووە ئەو ڕستەیەی کە شایستەی نێو نامیلکەکەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە «گرینگی و بایەخی ڕاگەیاندن بۆ کورد لە کوێ دایە؟"، ئازاد بەر لە خوێنەرانی نامیلکەکەی خۆی گرینگی و بایەخی «گۆڤاری ڕامان»ی بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەپراکتیزە کرد. بۆیە ئێستە دوای نیو سەدە لە بواری ڕۆشنبیری لە گوتاری ڕەخنەیییەوە بۆ پەیامی ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی، ئەوا ئازاد عەبدولواحید و گۆڤاری ڕامان لە شاری هەولێرەوە ئایکۆنی ڕۆشنبیری کوردستانین، دال – نیشانکار و مەدلوول– نیشان کراون.


وێنەی پەیکەری ئازاد عەبدولواحید


الجمهورية العراقية
قائمقامية قضاء شقلاوة
القلم السري
العدد / ١٢/١٢٥٠
التاريخ / ١١/ ١٩٦٢/١١
الى / متصرفية لواء اربيل ـ التحقيقات
م / حجز اموال الشقاة المتمردين
كتابكم س/ ٣٤٤١ في ١٩٦٢/١٠/١٧.
١ ـ نقدم لمقامكم طيا (٦) عدد من القوائم بنسختين تتضمن اسماء الاشخاص الملتحقين بالشقاة المتمردين في القرى التابعة لقضائنا.
٢ ـ نرجو ملاحظة حقل الملحوظات من هذه القوائم حيث تجدون تسلسل الاشخاص الذين سبق وان قرر الحاكم العسكري العام حجزا موالهم وقد اشرت اسمائهم بعلامة (×).
للتفضل بالاطلاع والامر بما يلزم واعلامنا رجاء..
المرفقات
٦ قوائم بنسختين
عبد الجبار الدلي
و. قائمقام قضاء شقلاوة
صورة منه الى /ـ
مديرية ناحية صلاح الدين / كتابه س/ ٣٥٧ في ١٩٦٢/١٠/٣١.
= = حرير / كتابه س/ ٤٠٧ في ١٩٦٢/١١/٦.
معاون شرطة شقلاوة / كتابه ١١٤٢ في ١٩٦٢/١١/٧.
مفوض امن شقلاوة / كتابه ٨٤٦ في ١٩٦٢/١١/٨.
صاحب البادة
الاوليات

# فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی ماڵە پێشمەرگە

**د. سنوور سەباح**

ژمارەیەک دەزگەی حکوومەتی عێراق لە سنووری موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر، بەچەند نووسراوێک، ناوی ئەو کەسانەیان ئاشکرا کردووە کە هاوکاریی شۆڕشی ئەیلوول بوون یان بوونەتە پێشمەرگە، بۆ ئەوەی دەست بەسەر ماڵ و موڵکیاندا بگیرێت.

قایمقامیەتی قەزای شەقڵاوە ڕۆژی ١١/١١/١٩٦٢ نووسراوێکی بۆ موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر ناردووە و تێیدا ناوی ئەو کەسانەی ئاشکرا کردووە کە بوونەتە پێشمەرگە و داوای دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکیان دەکات.

پێشمەرگەکانی سنووری شەقڵاوە و ناحیە و گوندەکانی بریتی بوون لە: سەبری ڕەشید، ساڵح میران ڕەشید، ئیبراهیم عەبدوڵڵا حەسەن، شێخ مەحموود وسوو کامەلا، عەزیز فاتە قەڵەو، حەمید سەعید قەساب، محەمەد مەلا تەها، عومەر ئەحمەد عەلی، حوسێن ناسر، قادر حەمەدەمین، حەمەد وسوو ڕەحمان، قادر حەسەن، حەسەن ئەحمەد، ئەحمەد شەریف، ئیسماعیل حوسێن، مام تەها ئەحمەد و سەید تاڵیب سەید حوسێن لە شەقڵاوە، سەعید عەزیز لە مەسیف سەڵاحەدین، عەلی کۆخە قادر، عەبدوڵڵا عەلی، تۆفیق برایم، سلێمان شێخ محەمەد، شینە عومەر و نایف ئۆسۆ لە گوندی بیرێژ، مورشید عەزیز، ئەحمەد عوسمان، خالید وەهاب، موحسین نوری، نەجمەدین ئەحمەد، کەمال داود، عومەر حاجی عەبدوڵڵا، غەفوور حاجی عەبدوڵڵا و سادق ئاغا عەبدوڵڵا لە گوندی کۆڕێ.

هەروەها خالید شێخ ئەحمەد، عوسمان مەلا سادق، عەبدولکەریم مەلا سادق، حەمەدەمین مەلا سادق، عەبدولقادر مەلا سادق، محەمەد مەلا سادق، محەمەد حاجی برایم، سیراج حاجی برایم، عەبدوڵڵا حاجی برایم، حەسەن حاجی برایم، حاجی ئیبراهیم عەزیز، نوری ئەحمەد مستەفا، حەسەن ئەحمەد مستەفا، ئیسماعیل حەسەن مستەفا و ئەحمەد مەلا ڕەسووڵ لە گوندی ئاژگە.

لەگەڵ وەسمان عەبدوڵڵا، عەزیز عەبدوڵڵا، قەرەنی خدر، محەمەد عەولا، عەبدوڵڵا کەریم و ساڵح ئیسماعیل لە گوندی حوجران، دەروێش ئیبراهیم و مستەفا دەروێش ئیبراهیم لە گوندی گردەچاڵ، خدر حاجی وەسمان، عوسمان پیرمام، ڕەشید عوسمان و نوری حەسەن لە گوندی دونگزاوە، مستەفا و ئەحمەد حەمەد سادق لە گوندی سارتکە.

هەروەها ڕۆژی ١٩/١٢/١٩٦٢، موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر ناوی شەش پێشمەرگەی بۆ قایمقامیەتی قەزای مەخموور ناردووە بەمەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ماڵیان.

پێشمەرگەکانیش بریتی بوون لە: محەمەد سەڵتە لە مەخموور، ئەحمەد مەحمود و محەمەد سلێمان لە دیبەگە، قادر حەمەد عەولا لە گوندی بەردەسپی، شێخ ئەحمەد مەلا نوعمان لە گوندی جادرۆک و عەزیز ڕەسووڵ لە گوندی داود گورگە.

قایمقامیەتی قەزای هەولێریش لە نووسراوێکدا لە ڕۆژی ١٧/٢/١٩٦٣، کە بۆ موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێری ناردووە، ناوی ١٥ کەسی ناردووە، کە بەشێکیان بوونەتە پێشمەرگە و بەشێکیش هاوکاریی پێشمەرگەیان کردووە، ئەوانیش بریتین لە: سەید عەزیز سەید کەریم لە گوندی دووگردکان، جەلال سەید محەمەد لە گوندی سیاو، عیسا سەید محەمەد و جەوهەر سەید حوسێن لە گوندی باقرت، حاجی کەریم مستەفا لە گەڕەکی سەیداوە لە هەولێر، ئەحمەد ئۆمەر لە گوندی ئۆمەرەسۆر، عەزیز شێخ محەمەد ناسراو بە عەزیز قادر لە گوندی بیستانەی گچکە، قادر حەمەد ئاغا لە کۆیە، عەلی عومەر لە گوندی خورخورە، قادر عومەر لە گوندی تەندوورە، ئیسماعیل سەعید لە گوندی بیر عارەبان، حەمەد ڕەشید سەلیم، مەلا حوسێن مستەفا، قادر سۆفی پیرداود و جەلال ئیبراهیم لە گوندی باداوە.

لە نووسراوێکی دیکەدا، کە قایمقامیەتی قەزای ڕواندز ڕۆژی ١٩/٢/١٩٦٣ بۆ موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێری ناردووە، داوای دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی ١٩ کەسی کردووە، کە بوونەتە پێشمەرگە و ناوەکانیانی ناردووە.

پێشمەرگەکان بریتی بوون لە ئەبابەکر حەسەن، محەمەد عومەر، حوسێن حەمەد ئەمین، شێخ مستەفا شێخە و حەمەدەمین عەبدولڕەحمان لە گوندی دێڵزیان و محەمەد حوسێن لە گوندی باویلیان، محەمەد عەبدوڵڵا، نەجمەدین مشیراغا، ئەحمەد حەمەد، ئەحمەد سۆر و خدرۆک لە گوندی باپشتیان، خورشید شەوکەت، خەسرۆ جەلال حەمەداغا قەساب و ئاغا لەتیف ئاغا لە ڕواندز، سەلیم و سەید نەبی لە گوندی بێخاڵ، مەلا شێخ ئەحمەد و حەسەن ئەحمەد لە گوندی سەران و محەمەد ئەمین زێدۆ لە گوندی شێخان. ●

# کەسایەتییەکی قەڵات ماڵەکەی خۆی بە قوتابخانەی کچان بەخشی

**نازم دڵبەند***

قەڵاتی هەولێر پێش نێزیکەی سەت ساڵ یەکەم قوتابخانەی کچانی لێ کرایەوە، پاش لافاوەکەی ١٩٣٧ و زیان بەرکەوتنی قوتابخانەکە، بۆ ئەوەی کچان لە خوێندن دانەبڕێن، محەمەد عەلی موختار خانووەکەی خۆی بۆ قوتابخانە بەخشی.

محەمەد عەلی موختار کەسایەتییەکی ناوداری هەولێرە، باوکی (موختارە فەندی) لە ١٨٩٤دا لە گەڕەکی سەرای قەڵات لەدایک بووە، لە ئیستەنبوڵ یاسای خوێندووە، پاشان گەڕاوەتەوە هەولێر و فەرمانگەی تاپۆی دامەزراندووە. دوای ئەوەی هەولێر بوو بە لیوا، لە ١٩٢٣دا بوو بە یەکەم قازیی شار.

یەکێک لە کارە دیارەکانی ئەو کەسایەتییە ئەوەیە کە کاتێک قوتابخانەی کچان لە هەولێر ساڵی ١٩٢٧ لە سەرای عوسمانی لەناو قەڵات کرایەوە، ساڵی ١٩٣٧ بەهۆی بارانێکی بەخوڕ و دروستبوونی لافاوەوە، بەشێکی ڕووخا، دەسەڵاتداران بۆ پاراستنی گیانی قوتابییەکان بڕیار دەدەن دای بخەن، بەڵام ئەم کەسایەتییە لە پێناو بێبەشنەبوونی کچان لە خوێندن، خانووی خۆی لە قەڵات بەقوتابخانەکە بەخشی، کە کەوتبووە بەرامبەر سەرای عوسمانی لە تەنیشت حەوزی قەڵات.

محەمەد ئیبراهیم شەریف لە زاری خاتوو سەبریە حەسوون محەمەدی دایکی، کە یەکێک بووە لە کچە قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە، چیرۆکی لافاوەکەی هەولێر و داڕمانی قوتابخانەکەی بۆ (گڵکەند) گێڕایەوە، کە ئەو کات خانووەکانی هەولێر هەمووی لە قوڕ و کەرپووچ و کاریتە و شەقرە دروست کرابوون، ئەوان قوتابی بوون لە قوتابخانەی سەرەتاییی کچان، لە زستانەکەی لافاوێکی گەورە زەرەر و زیانێکی زۆری بەخانووبەرە و شەقام و دوکانەکان گەیاند، قوتابخانەکەی ئەوانیش داڕما و کەڵکی خوێندنی نەما، دوای ئەوە بیستیان کە پیاوێک بەناوی محەمەد عەلی موختار خانووەکەی خۆی لە قەڵات بۆ قوتابخانەکە تەرخان کردووە.

ئەم بنەماڵەیە لە بنەڕەتدا لانکەی کەسایەتیی بەتوانا و لێهاتوو بووینە، یەکێک لەوانە وەکو گوتمان ئەحمەد موختار ئەفەندی ناسراو بە موختار ئەفەندی؛ باوکی محەمەد عەلی موختارە، کە مامۆستای ئاینی بووە لە قوتابخانەی ئەحمەدییە وانەی گوتووەتەوە، خۆیشی لە ئیستەنبوڵ بەشی یاسای خوێندووە و بووەتە ئاوقات (پارێزەر)، کاتێک دەگەڕێتەوە هەولێر دەبێتە قازی و چەندین پۆستی لە سنووری سلێمانییش وەرگرتووە، کە ئینگلیز هاتوونەتە هەولێر، زوو باوەڕی بەکۆتاییهێنان بەدەوڵەتی عوسمانی هێناوە و مامەڵەی لەگەڵ سەردەمی نوێدا کردووە.

موختارە فەندی هاوسەرگیریی لەگەڵ ئافرەتێک کردووە بەناوی نائیلە قەساب، پێنج کچ و کوڕێکی هەبووە، کوڕەکەی محەمەد عەلی موختارە، کچەکانیشی بەستی کە خێزانی شێخ حوسامەدین شێخ یەحیا بەرزنجی بووە، سوڵتانە کە خێزانی شێخ مەزهەر شێخ یەحیای خاوەنی تەکیە و مزگەفتی خانەقای هەولێر بوون، خانم کە خێزانی ئەحمەد پاشای دزەیی، بەهیەش خێزانی محەمەد ئاغای عوزێری بوو، ساڵنامە و بەڵگەکانی عوسمانی، کەسایەتیی موختار ئەفەندییان سەلماندووە، کە یەکەم ئاوقاتی هەولێر بووە.

محەمەد عەلی موختار خزمەتی گەورەی خەڵکی کوردستانی کردووە، ئەو کاتەی گیو موکریانی بەهۆی ئەوەی کوردی ڕۆژهەڵات بوو و (هاووڵاتیی ئێران) بوو، لە فەرمانگەی (نفوس و ڕەگەزنامەی عێراقی)، کێشەیان بۆ دروست دەکرا، تەنانەت جارێکیان کار گەیشتە ئەوەی ڕەوانەی ئەودیوی سنووریان بکەنەوە، محەمەد عەلی موختار بەهۆی دۆستایەتیی لەگەڵ (ئەحمەد موختار بابان)، لە سەردەمی حکوومەتی پاشایەتی وەزیری ناوخۆ بوو توانیویەتی هاوکاریی بکات و ڕەوانەی ئەودیو نەکرێتەوە. لەم بارەوە دکتۆرە کوردستان موکریانی کچی مامۆستا گیو دەڵێت: "ئێمە منداڵ بووین، هەمیشە ئەو کێشەمان هەبوو، بابیشم باسی کەسانێکی دەکرد کە هاوکار و یارمەتیدەر بووینە بۆ دەربازبوون لە گرتن و ڕەوانەکردنەوەمان، بەڵام ناویانم بیر نایەت، دوور نییە هەر ئەو محەمەد عەلی موختارە بووبێت، چونکە ئەو یەکێک بووە لە کەسایەتییەکانی هەولێر و پایەی خۆی هەبوو".

*** خوێنەری بەڕێز داوای لێبووردن دەکەین، لە ژمارەی (٢٣)ی گڵکەنددا، بەهۆی هەڵەیەکی هونەرییەوە، ئەو بابەتەمان بە شێوەیەکی ناتەواو بڵاو کردبووەوە، لەمەودوا وردتر دەبین.** ●

# لە ماڵی مەلا فەندییەوە بۆ کۆماری مەهاباد

## خەیروڵڵا عەبدولکەریم

**گڵکەند**

مامۆستا و ئەفسەر و شۆڕشگێڕ، یەکێک لەو چوار ئەفسەرەی بەشداریی دامەزراندنی کۆماری مەهابادی کرد، پاش ڕووخانی کۆمار و گەڕانەوەی بۆ عێراق، لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتەوە لەسێدارە درا، ئێستەش دوای تێپەڕینی حەفتا و هەشت ساڵ، وەک قارەمانێک یاد دەکرێتەوە.

خەیروڵڵا عەبدولکەریم، ساڵی ١٩١٧ لە گەڕەکی تۆپخانەی قەڵات لە دایکێکی عەرەبی مووسڵاوی و باوکێکی هەولێری بووە، سەرەتا لە حوجرە خوێندوویەتی، دواتر دەخرێتە قوتابخانە و لەبەر زیرەکی ڕاستەخۆ لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی دادەنرێت، دوای تەواوکردنی سێی ناوەندی لە هەولێر خانەی مامۆستایان لە بەغدا تەواو دەکات.

ساڵی ١٩٣٠ وەکو مامۆستای سەرەتایی لە کۆیە دادەمەزرێت، ماوەی چوار ساڵ لە دەشتی هەولێر و کۆیە و چەمچەماڵ و شەقڵاوە مامۆستایەتی دەکات و قوتابییەکانی لەسەر خۆشویستنی نیشتمان و هەستی نەتەوایەتی پەروەردە دەکات، دواتر بەشداری لە خولێکی ئەفسەراندا دەکات و لەوێ دەبێتە هاوپۆلی عەبدولسەلام عارفی دووەم سەرکۆماری عێراق، ساڵی ١٩٣٧ کۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواو دەکات.

نەزیرە محەمەد، خوشکەزای خەیروڵڵا عەبدولکەریم ئەم زانیارییانەی بۆ (گڵکەند) باس کرد، ئەوەیشی ئاشکرا کرد کە خاڵی، سەرەتا ئەندامی کۆمەڵەی ئیتیحادوتەرەقی بووە، کاتێک پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراوە بووەتە ئەندامی ئەو حزبە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا هەبووە.



لەسەر زاری دایک و داپیریەوە دەگێڕێتەوە «پاش ئەوەی دەبێتە زابت، ڕەوانەی میسر دەکرێت، لەوێش دەورەکی عەسکەری دەبینی، کە دێتەوە عیلاقەکی باشی دەبی لەگەر سێ زابتی دیکە و یارمەتیی شۆڕش دەدەن، لۆیە لەگەر ئیعلانکردنی جمهوریەتی مەهاباد هەر چاریان ئیلتیحاق دەکەن، شەهید خەیروڵڵا دەچیتە ماری مەلا فەندی لەوێ جلکی عەسکەری دادەکەنی و جلکەکی کوردی لەبەر دەکات و دەڕوات».

وەک نەزیرە باسی کرد، پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد مەلیکی عێراق و نووری سەعید لێبووردن بۆ ئەو چوار ئەفسەرە دەردەکەن، ئەوانیش دەگەڕێنەوە و بەپێی خۆیان دەچنە بەغدا، کەچی لەوێ زیندانی دەکرێن و پاش سێ مانگ، لە ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لەگەڵ سێ هاوڕێی ئەفسەری بەناوەکانی (مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، عیزەت عەبدولعەزیز) لە سێدارە دەدرێن.

خوشکەزا، لە زاری دایک و داپیریەوە لە گێڕانەوەی یادەوەریی ئەو ڕۆژە بەردەوام دەبێت «مەیتەکەیان لە قەبرستانی بەرماغی ناشت و مەمنوعیش بوو تازیەی لۆ دابندرێت، هەتا وەختی شۆڕشی عەبدولکەریم قاسمی، ئەو وەختی مەلا مستەفا بارزانییش لە سۆڤیەت هاتەوە، وەختی هاتە هەولێرێ یەکەم ئیشی ئەوە بوو سەردانی قەبری شەهید خەیروڵڵای کرد، دوایێ لە حکوومەتی عێراق بەشەهید نووسرا».

خەیروڵڵا عەبدولکەریم بە کوردی، عەرەبی، تورکمانی، ئینگلیزی و فارسی قسەی کردووە، بەر لە چوونە دەرەوە، دەزگیراندار بووە، بەڵام نەیتوانیوە بیگوازێتەوە، هۆگری مۆسیقا و هونەری شێوەکاری بووە. ●

## سەربوردەی وێنە



شوێن هۆڵی گەلە، ڕۆژی ١٠ی سێپتەمبەری ١٩٧٨، یەکەم ڕۆژی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کوردە لە هەولێر. لە ڕیزی پێشەوەدا لەلای ڕاستەوە، حاکم بەکر ئیسماعیل کۆیی ئەندامی ئەو کاتی دادگەی تەمیز هەیە، دادوەر ڕەشید عەبدولقادر لە ناوەڕاست دانیشتووە، لەلای چەپی وێنەکەشەوە مامۆستا عیزەدین فەیزی دەبیندرێت. هەروەها لە ڕیزی پشتەوە شەهید عال سەلیم دەناسرێتەوە، لەگەڵ جەودەت ئەحمەد ناجی، عەزیز هەریری، ئەنوەر سالح، جەبار حەسەن، جەمیل سەبری، مەغدید سۆران، زوبێر بیلال. ●

# چ هەیە لە بن قەڵاتێ؟



وێنە: زێبەند سەعدوڵا

**عەبدولباقی حەیدەری**

وەکی بەسەر قەڵاتێدا هەڵدەگەڕێی، دیرۆکێکی ون، لەژێر پێیەکانتدا هەیە کە ناگێڕدرێتەوە، دەنگدانەوە و سەدای هەنگاوەکان تێکەڵی ئەو دەنگە کزانەیە کە چاوەڕێی بیستنن. وەکی لەسەر شووراکانی قەڵاتێ ڕادەوەستی و لە سیمای تازەی شار دەڕوانی چۆن هەناسە دەدات، پرسیارێکی قووڵ لە ئاوەزتدا دەبریسکێتەوە: ئەوەی دەیبینین، هەر ئەوەندەیە؟ یان قەڵات لە کانگەی ئامێزی خۆیدا شارێکی دیکەی حەشار داوە؟

قەڵاتی هەولێرێ تەنیا بەرزاییەک نییە، بەڵکو لەسەر «گردێکی ئارکیۆلۆژی» بنیات نراوە کە نزیکەی ٣٠ مەتر بەرزە، چین چین ژیار و شارستانی چەند هەزار ساڵەی بەسەر یەکدا کەڵەکەبووی لەخۆ گرتووە، تێکەڵبوونی شوێنەواری سۆمەری و ئاشووری و میدیایی و فارس و عەرەب و عوسمانییەکانە.

هەر چینێکی ئەو گردە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە، هەر بەردێک شایەتحاڵی شارستانییەتێکە کە ڕا بووە و لەناو چووە، پاشان ژێرخاک کراوە تا شارستانیەتێکی دیکەی لەسەر بنیات بنرێت.

حەکایەتی پیر و کاڵانی دانیشتوانی قەڵاتێ، کە هێشتا لە یادەوەری و گێڕانەوەی سەر زاراندا پارێزراون، ئاماژە بە ژێرزەمین و ژوورەکانی خوارەوە دەکەن کە بۆ کۆگەکردنی خواردن یان خۆ تێدا پەنادان لە کاتی گەمارۆدا بەکار هاتوون. ڕێڕەوە تەنگەبەرەکان کە هەندێک ماڵ و مزگەوت بەیەکەوە دەبەستنەوە. بیرە کۆنەکان کە هێشتا داپۆشراون و هەندێکیشیان بەکار دەهێنرێن.

یەکێک لە دانیشتوانی قەڵات باسی «وێڵگەکانی ترس»ی کردووە کە منداڵانیان پێ دەترساند، ئەوانە ڕێڕەوی قوڕین بوون کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە داخراون.

ئەوەی تا ئێستە دۆزراوەتەوە یان ئاماژەی پێ دراوە بەڵگەن بۆ بوونی ژوورە داخراوەکان کە وەک کۆگە یان پەناگە بەکار هاتوون.

هەروەها ئەو شوێنانەی کە بۆی هەیە وەک دەریچەی هەڵاتنی نهێنی بەکار هاتبن.

سەرەڕای ئەوەی تۆڕێکی گەورەی تونێل وەک ئەوانەی حەلەب یان قودس لە قەڵاتی هەولێرێ نەدۆزراوەتەوە، بەڵام نیشانە ئارکیۆلۆژییەکان ئاماژە بەبوونی بنیاتی ژێرزەمینی بەرگریکردن دەدەن کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە.

بەهۆی هەوڵەکانی یونیسکۆ و تیمە ئارکیۆلۆژییە هاوبەشەکانەوە، ئەو پشکنینانەی کە بە ڕاداری زەویبڕ (GPR) ئەنجام دراون، ئەنجامەکانیان سەرنجڕاکێش بوون، ئاماژە بەبوونی بۆشایی و پێکهاتەی ڕێکخراو لەژێر ڕووکاری گردەکە دەدەن. ئاماژە بەهەبوونی تەلار لەژێر زەوییەکان دەدەن، کە بۆی هەیە چەند سەدەیەک بێت ڕووناکییان نەبینیبێت. ئەگەری بەهێزیش بوونی چینە ئارکیۆلۆژییە تێکەڵەکانە کە هەندێکیان بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ دەگەڕێنەوە.

پلانی هەڵکۆڵینەکانی داهاتوو، دەرفەتێکی ناوازەن بۆ دۆزینەوەی شتی نوێ. لایەنە پەیوەندیدارەکان پلانیان وایە کە لە شوێنە دیاریکراوەکاندا دەست بەهەڵکۆڵینی ورد بکەن، لەوانە لە دەوروبەری مزگەفتی کۆنی قەڵات، هەروەها لەو ماڵانەی چەندین ساڵە چۆڵ کراون، لە مەیدانی ماڵی بایز ئاغاش.

چاوەڕوان دەکرێت کەرەستەی لە گڵ دروستکراو، نیگار، نووسینی سەر خشتی قوڕ و پاشماوەی تەلاران بدۆزرێنەوە، کە ڕەنگە ڕوانین و تێگەیشتنمان سەبارەت بە ژیانی دانیشتوان لە سەردەمە کۆنەکاندا بگۆڕێت.

گرینگە تەنیا پشت بەئامێرەکانی هەڵکۆڵین نەبەستین، بەڵکو پەنا ببەینە بەر ئەو یادگە مرۆییەش کە هێشتا لای هەندێک لە خەڵکی قەڵاتێ زیندووە، وەک باس و خواس سەبارەت بەو ژوورانەی کە بۆ هەڵاتن لە ڕۆژانی گەرمای هاوین بەکار دەهاتن. دەرگەی بچووک لە دەلاقەی ناو دیوارەکان کە بەرەو تونێلی داخراو دەچوون. ناوە میللییەکانی شوێنە ترسناک یان نامۆکان لە ناو قەڵاتێدا. ئەم یادەوەرییانە بۆ توێژەران، نەخشەیەکی مەیدانیی بەهادار و بەنرخن.

## ئایا شارێک لەژێر قەڵاتدا هەیە؟

تا ئێستەش بەڵگەیەکی گردەبڕ نییە، بەڵام ئاماژە جیۆلۆجییەکان و چیرۆکەکانی سەر زاران پشتگیری لە گریمانەی بوونی تۆڕێک ڕێڕەوی بچووک دەکەن، دەریچەکان کە قەڵات و شاری کۆن بەیەکەوە دەبەستنەوە، ئەو بیرە قووڵانەی کە دەگەنە نهۆمەکانی ژێرەوە یان ژوورە نغرۆبووەکان.

بەم جۆرە قەڵات تەنیا شوێنەوارێکی پارێزراو نییە، بەڵکو کێوێکە لەو چینە زیندووانەی کە چاوەڕێی وەدۆزینی نەرم و وردبینن. ئەوەی لەژێر قەڵاتی هەولێرە ئەفسانە نییە، ئەگەر هەیە ڕاستی بێت. دەرفەتێکی مێژووییمان لە بەردەمە و دەبێ هەموو توێژەران و دامەزراوەکان کار بکەن تا شارە خەوتووەکە وەئاگا بێننەوە.

لێکۆڵینەوە لە نهێنییەکانی قەڵات بکرێت، ئەنجوومەنێکی زانستیی ڕاوێژکاریی هەمیشەیی پێک بهێندرێت. پێش لەدەستچوونیان، یادەوەرییە زارەکییەکان بەڵگەنامە بکەن. سندووقی پشتگیریی نێودەوڵەتی بۆ هەڵکۆڵین و پارێزگاری و نۆژەنکردنەوە دامەزرێنن.

پێویستە گوێ لە چرپەی ژێر پێیەکانمان بگرین، هەر بەردێک لە قەڵاتی هەولێرێ نەک تەنیا چیرۆک دەگێڕێتەوە، بەڵکو شارێکی حەشار داوە. لە قووڵاییەکاندا، مێژوویەکی خەوتوو هەیە، چاوەڕێی کەسێکە بەئاگای بهێنێتەوە و گیانێکی نوێی بەبەردا بکاتەوە. ●

وەرگێڕانی: ئیسماعیل خالید گەلاڵی

## بتشکێن



گۆران سەباح

# دین لەبەر مەکەن

وا قوتابخانە کرایەوە لۆ سەرهێشانێ. حاڵم بەحاڵی داک و بابان نەبی، زیرەیان لێوە دێت. جاران قوتابی دەچووە مەکتەبێ، بەس پێستی لۆ مارێ بوو، ئەوی دی هەمووی لۆ مامۆستا.

ئەو باب ڕۆیی. ئێستە مامۆستا خۆی ماندی ناکات، سەرهێشەکە هەمووی لۆ مارێیە. ئەوجە باب هەیە لەبەر کافتریا و کۆنکانی ئاگای لە مارێ نییە، قوڕەکە هەمووی لۆ داکیە.

یەکێک لەو سەرهێشانە ئەمری نابەجێی مامۆستایانە بۆ دەرخکردنی وانەکان.

دەرخکردن پێشت ناخات، هیچیشت فێر ناکات. دەزانن لۆ مامۆستا وانە بەقوتابی دەرخ دەکات؟ چونکە هیچ ماندیبوونی تێدا نییە لۆ وی، قوتابیی فەقیریش پێی لەبەر دەکرێ یان نا، کەیفی خۆی و داک و بابیتی.

وانەی ئاین لەو وانانەیە کە دەرخکردنی زۆر ناخۆشە، کات کوشتن و کارەساتە، فشارێکی دەروونیی قەرپیشە لۆ منداڵان و داک و بابیان.

قوتابیی هەشبەسەر یەک وشە عەرەبی نازانێت، لە هیچ ئایەتێک تێ ناگات، کەچی مامۆستای ئاین ئەمری لەسەر دەکات بچێ لە ماڵەوە چەند ئایەتێک لە ناوەندی قورئانێ لەبەر بکات.

داک و باب خۆت بگرە، کوی پێ لەبەر دەکەی؟ هەتا ئایەتێک بە منداڵەک لەبەر دەکەن، چاویان سپی دەبێت. پاش پێنج خولەک، هەمووی لە بیر دەچێتەوە. ئەوجە بابەکە چاوی دەچیتە پشتی سەری، لەبن گێی گیر دەکات. کێ هەیە لەسەر دەرخکردنێ پێی نەکەتبێت لە مارێ؟

پار کچەکەم بەهیلاک چوو هەندی حەدیس و ئایەتان لەبەر بکات. ئێستە هیچیانی لە بیر نمایە. هەردووکمان تامان هاتیتێ لۆ ئەوسار، هەرچەندە پار لۆ مامۆستاکەم سەلماند کە لەسەر قوتابی نییە وانەی ئاین و کۆمەڵایەتی و کوردی و عەرەبی دەرخ بکات.

نۆرپمە ڕێبەری مامۆستا، لەوێ هەر لە سەرەتاکەی نووسرایە، مامۆستا لۆی نییە وانە بەقوتابیان لەبەر بکات. بەس فایدەی نییە، هەر پێی لەبەرکردن.

لۆ ئەو مەسەلەیە داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم بێتە سەر خەت و بەمامۆستایان بلێت ئایەت و حەدیس و شیعری عەرەبی و کوردی بەقوتابیان لەبەر نەکات. ئەگەر وا بکات، ئەوە قوتابیان لە فشارێکی زۆری دەروونی ڕزگار دەکات.

پار، کچی خوشکم چاوی سپی بوو هەتا شەش ناوی خوای گەورەی لەبەر کرد: الرحمان، الرحیم، الوهاب، الرزاق، البدیع، الرشید. سبەی هەستابۆوە لە خەوێ، هیچیانی لەبیر نەمابوو.

باشە مامۆستا لۆ واتەی ئەو ناوانەیان لۆ شەرح ناکەی؟ بە نموونە لۆی ڕۆن بکەوە البدیع واتە چی. یان دەتەوێ قوتابیی بەستەزمان نەزانێت و ئەتووش بە کەیفی خۆت سووکایەتیی پێ بکەی لە پۆل و خەفەتی مووچەش بەویدا بڕێژی؟ ●



# لبادی کۆیە

# لە ماڵەکانی ئەوروپا

**گڵکەند**

لباد کە ڕایەخێکی کۆنی کوردەوارییە، جاران پیشەیەکی گرینگی خەڵکی زۆر ناوچەی کوردستان بوو، بەڵام چەند ساڵێکە بەرەو نەمان چووە.

لباد کەرەستەیەکی سەرەکیی ناوماڵ بوو، بۆ زۆر مەبەستی ڕاخستن بەکار دەهات، جاران هیچ ماڵێک نەبوو لبادی تێدا نەبێت، بەتەمەنەکان ئێستەش قەدری دەزانن و لەسەری دادەنیشن.

لباد جگە لەوەی وەک ڕایەخ بەکار هاتووە، پەستەکیشیان لێ دروست کردووە و پێیان دەگوت دەرمانی پشت هێشە، بۆ هەندێک کەسیش کەرەستەی جوانکردنی دیوەخان و بەرهەیوان بوو، بەتایبەتی کە بەنەخشی جوان دروست دەکرا.

هەر لە کوردستان نا، لە تەواوی میزۆپۆتامیا و ئەناتۆلیا و چەند ناوچەیەکی دیکەی ئاسیای ناوەند، لباد وەک کەرەستەیەکی پێویستی ڕۆژانە بەکار هاتووە، لە هەندێک کۆمەڵگەدا لە ڕووی ئاینیشەوە بەکار هاتووە.

وەستا عەلی لبادچی لە کۆیە دەڵێت وەختی خۆی لە خوریی بەرخی یەک ساڵە، ٢٠ جۆر بەرهەمیان لە لباد دروست دەکرد. ئەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ه و ئێستە دوکانی کەلوپەلی ناوماڵی هەیە و جاران بە سێ پشتەوە پیشەیان لبادچی بووە.

ئەو پیاوە کاسبەی کۆیە دەڵێ تا ساڵی ٢٠٢٠ بەردەوامییان بەلبادچییەتی دا و لەو ساڵە بەدواوە وازیان هێنا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئاژەڵ کەم بووەوە و گوندەکان بەرهەمی مەڕدارییان کەم بوو، چیی دی (لوا) یان دەست نەدەکەوت بۆ دروستکردنی لباد.

وەستا عەلی لبادچی دەڵێت لباد لە لوا دروست دەکرا، دەبێت هی بەرخی یەک ساڵە بێت، لە هەندێک شوێن پێی دەگوترێت (برگن)، کە بەرخی یەک ساڵی دەبڕاوە، تووکەکەیان بۆ ئەوان دەبرد، ئەوانیش پەڕەیان دەکرد، پاشان دەیانگێڕا و وشکیان دەکردەوە، بەخاوەنیان دەدایەوە.

لەسەر داوای خەڵکەکە، زیاتر لە ٢٠ بەرهەمیان لێ دروست دەکرد وەک لباد، ڕایەخ، قاپووت، کەپەنک، سەرکراوی هاوینی و زستانی، بەرجاجم، سەر زینی وراغ، بن زینی وراغ و پەستەک.

لباد هاوینان فێنک و زستانان گەرمە، شوان کە قاپووتی لەبەر دەکرد، ئاوی دانەدەدا و گەرمیش بوو، لەبەر حەیوانان پێی دەنووست و سەرمای نەدەبوو، خەڵک بۆ پشتهێشانیش دەیانویست، چونکە زۆر بەسوود بوو.

وەستا عەلی گرینگییەکی دیکەی پیشەکەی باس دەکات "خەرکی زۆر بژێویان لەسەر پیشەکە بوو، وەک خۆمان سێ برا بووین، پێکەوە ئەو ئیشەمان دەکرد، حەفت شاگردمان هەبوو، ئەوانەی لبادیان لەمە دەکڕی، دەچوون دەیانفرۆشتەوە و بژێویی ئەوانیش دابین دەبوو".

وەستا سەمەد وەستایەکی ناوداری لباد بوو لە کۆیە، لەگەڵ وەستا عەبدوڵڵا و وەستا عەلی پێکەوە ئیشیان دەکرد، هەروەها وەستا محەمەد و کوڕێکی، وەستا مەلا، وەستا تایەر، وەستا ڕەئووف، وەستا سۆفی ئاوڕەحمان، وەستا مەلا کاکە، وەستا حاجی کەریم عەباس و وەستا عومەری عەباسی لە وەستا ناودارەکانی دیکەی کۆیە بوون.

جاران لە کۆیەوە لباد تا باکوری کوردستانیش ڕۆیشتووە، هەروەها بۆ شارەکانی سەردەشت و خانێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچوو، لە ناوەخۆشدا بۆ هەولێر، کەرکووک و گەرمیانیان دەنارد.


دروستکردنی لباد پیشەیەکی ئاسان نەبوو، پێویست بوو هەشت نۆ کاتژمێر لواکە بگێڕن، بە پێلەقە و شەق و دەست لێی بدەن تا ڕەق دەبووەوە، بەڵام هەر لبادێک بە لایەنی کەمەوە تا ٢٥ ساڵ دەمایەوە، قاپووتێکی لبادیش پێنج ساڵ بەکار دەهات.

وەستا عەلی ئاماژە بەوە دەدات کە دیوەخانەکانی جاران بە لبادەکانی ئەوان دەڕازانەوە، جاری وا هەبووە ڕایەخی لبادی شەش مەتر درێژیان لەسەر داوای کڕیار و بەپێی درێژیی دیوەخانەکان دروست کردووە.

ئەو وەستایە کۆیییە دڵتەنگە بەوەی پیشەکە نەماوە و ون بووە، بە بەشێک لە فۆلکلۆری کوردەواری دەزانێت، چونکە کارەکانی ئەوان مۆرکی هیچ شوێنێکی دیکەی پێوە نەبووە جگە لە کوردستان.

جارێک شاندێکی فەڕەنسی سەردانی کۆیەیان کردووە و چوونەتە لای لبادچییەکان، گرینگیی زۆریان بەپیشەکە داوە، وەستا عەلی دەڵێ ئەندازیارێکی شاندەکە لبادێکیان لێ کڕیوە و بردوویەتییەوە وڵاتەکەی بۆ ئەوەی لە ماڵەکەی خۆیان هەڵی واسێت. باس لەوە دەکات کە لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین جار لبادی کۆیە لە ڕێگەی جیاوازەوە گەیەندراونەتە وڵاتانی ڕۆژئاوا.

ڕێناس حەسەن لێکۆڵەری بواری فۆلکلۆرناسی لە بارەی لبادەوە دەڵێت ئێستە لە کوردستاندا تەنیا یەک کەس ماوە لباد دروست بکات ناوی سەلیم عەلییە لە شاری کفری.



# شەربەفرۆش

**سەباح پیربال قەساب**

حاجی محەمەد ئیسماعیل حسێن سیان دوکانی شەربەفرۆشییەکەی لە شەقامی باتا بوو، لە بەرامبەر دەرمانخانەی سەلاحەدینی کۆن. ئەو ساڵی ١٩٤٦ لە گوندی باشتەپەی هەولێر لەدایک بووە، پاشان هاتوونەتە هەولێر و خێزاندار بوو، یازدە منداڵی هەیە، حەفت کوڕ و شەش کچ، لە ٥/٣/٢٠١١ کۆچی دوایی کرد.

حاجی محەمەد ساڵی ١٩٦١ دوکانی شەربە و جەڕە و کەلوپەلی گڵێنەفرۆشی لە شەقامی باتا داناوە، پارچە گڵێنەییەکانیشی لە کەرکووک و مووسڵ و بەغدا هێناوە، هەندێک پیشەگەری هاوشێوەش هەبوونە کە پیشەی گڵێنەفرۆشییان کردووە وەک وەستا عیزەدین جەڕە و نوعمان جەڕە، لە شاری هەولێریشدا چەندین وەستای دروستکردنی ئەم گڵێنانە هەبوون بەتایبەتی لە ناو پیشەی کورەچییەکاندا لەگەڵ دروستکردنی خشتدا کاری گڵێنەشیان کردووە وەک وەستا ئەسعەد کوورەچی.

ئەم پیشەیە بریتییە لە فرۆشتنی ئەو بەرهەمە گڵێنەییانەی لەلایەن وەستاکانی دروستکردنی شەربە و گۆزە و جەڕە و کوپە و دەخیلە و قاپ و هەندێک بابەتی تر کە لە جۆرە قوڕێکی تایبەت و بەسوورکردنەوە دروست دەکرێن، کە هەر لە دێرزەمانەوە باو و باپیرانمان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست بە زۆری بەکاریان هێناوە و ئێستە بەهەزاران پارچەی لەم جۆرانە لە زۆر شوێندا دۆزراونەتەوە و لە مۆزەخانەکاندا بەتایبەتی لە دۆڵی دوو ئاوان و وڵاتی میسر و ئێران دانراون، کە نیشانەی بوونی ژیانی مرۆڤایەتی و شارستانیەتییان پێوە بەدیار کەوتووە، ئەم پیشەیە تاکو ئێستەش بەردەوامە لە بەکارهێنانیاندا و بە زۆریش لە بوارەکانی جوانکاری و باخچەکان پەرەیان پێ دراوە.

خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ

سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا

دیزاین:
ئاراس ئەکرەم

لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی

دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید

کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

گڵکەند

Issue (24), Monday 15/9/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند

لەداخی کوردی خۆخۆر
دڵ وجەرگ دەسی نەما
وافەوارەی خوێن دەچۆڕێ
لەقەڵەشی سینە ما
بۆبێشت لەئەزدانی یەکدی
چەشنی ڕۆستەمی زاڵین
بەیەک فیتیکی بێگانە
خۆدەکەینە سینەما

لالۆ ڕەنجدەر